



### خوێندنەوەیەكی ڕەخنەگرانە
### بۆ مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردستان

# بۆچی ئەم بزووتنەوەیە هاوشانی تاكی ئازادیخواز، كۆیلە و جاشیشی بەرهەم هێناوە؟

**پێناسەی (پارتی) لە فیکری مستەفا بارزانی، پێناسەی (حزبێکی سیاسی) رۆژهەڵاتی نییە، ئەمەش بەو مانایەی (پارتی) لە فیکری بارزانی-دا، بەرەیەکی نیشتمانییە بۆ ئاشتکردنەوەی هەموو بیروبۆچوونە جیاواز و دژەکان و کۆکردنەوەی کۆی توانای چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری**

**پێویستە کۆی ژینگەی سیاسی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت و رووبەڕووی ئەو پرسیارانە بکرێتەوە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی بەشێک لە تاکەکانی نەتەوە لە ناو کۆیلایەتی و جاشایەتیدا ئاسوودە بن، یان تەنزیر بۆ کۆیلایەتی و جاشایەتی بکەن و بە چەندین ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز پاکانەی بۆ بکەن**

ئەگەر وەك بیرمەندی گەورەی تورك ئیسماعیل بێشكچی، پێناسەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستانی كردووە، كە دەڵێت: «لەگەڵ تەقاندنی یەكەمین فیشەك لە شۆڕشی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان، نەتەوەیەكی كۆیلە و مردوو و نەتەوەیەكی ئازادیخواز لەدایك بوو»، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە دەستپێكی شۆڕشی رزگاریخوازیی كوردستان، دابڕانێكە لە نێوان دوو سەردەمی جیاواز و پێناسەیە بۆ دوو ناسنامەی (كۆیلە و ئازادیخواز)ی نەتەوەیەك لە دوو سەردەمی جیاوازدا، هەروەها بێشكچی بە جۆرێك لێكدانەوەی بۆ ئەو دابڕانە كردووە كە جارێكی دیكە رەوڕەوەی مێژوو ناگەڕێتەوە بۆ دواوە و تاكەكانی نەتەوە لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی بەردەوام دەبن و بۆ هەتا هەتایە قۆناخی كۆیلایەتییان كۆتایی پێهێناوە، بەڵام وێڕای ئەوەی لەگەڵ دەستپێكی شۆڕشی رزگاریخوازیی كوردستانەوە، نەتەوەی كورد قوربانییەكی هێجگار زۆری لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی داوە، بەڵام لەناو ژینگەی سیاسیی ئەم بزووتنەوەیەدا لە هەموو قۆناخەكانیدا، واتە لە راگەیاندنی كۆماری كوردستانەوە تا دەگاتە ئێستا و بە بەردەوامی هاوشانی تاكی ئازادیخواز و پێشمەرگەی جوامێر، خەڵكانی كۆیلە و جاشیشی بەرهەم هێناوە، هەڵوەستەكردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە بە تەنیا گرێ نادەینەوە بە سایكۆلۆژیەتی ئەو تاكانەی كە ئامادەن لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی گیانی خۆیان بكەنە قوربانی، یان سایكۆلۆژیەتی ئەو كەسانەی كە شانازی بە كۆیلایەتی و جاشایەتی دەكەن، بەڵكو هەڵوەستە كردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، پێویستیی بەوە هەیە كۆی ژینگەی سیاسی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان لێپرسینەوەی لەگەڵ بكرێت و رووبەڕووی ئەو پرسیارانە بكرێتەوە كە بۆتە هۆكاری ئەوەی بەشێك لە تاكەكانی نەتەوە لە ناو كۆیلایەتی و جاشایەتیدا ئاسوودە بن، یان تەنزیر بۆ كۆیلایەتی و جاشایەتی بكەن و بە چەندین ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز پاكانەی بۆ بكەن! ئایا بۆ دەبێت ژینگەی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان ئەم وەرچەرخانە گەورەی تێدا دروست بووبێت؟ بۆچی لەناو ئامانجە گەورەكەیدا كە قوربانیدانە بۆ گەیشتن بە ئازادی، لادانێك دروست بووە كە بەرەو كۆیلایەتی و جاشایەتی هەنگاو هەڵدەگرێت؟

### ● بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان لە راگەیاندنی كۆماری كوردستانەوە هەتا رۆژگاری ئەمڕۆمان

وەك مێژوو، بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان زۆر لە پێش كۆماری كوردستانەوە دەستی پێكردووە و ئامانجەكەشی هەر گەیشتن بە ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان بووە، بەڵام لەگەڵ راگەیاندنی كۆماری كوردستان و بڕیاری مستەفا بارزانی بە چوونی خۆی و پێشمەرگەكانی بۆ پاراستنی ئەو كۆمارە، وەرچەرخانێكی هێندە گەورەی لە مانا و پێناسەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان دروستكرد، كە دەشێت بڵێین: بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان بە شێوەیەكی كردەیی لەگەڵ راگەیاندنی كۆماری كوردستان، پێناسەی كوردستانی وەك یەك نیشتمان كردۆتەوە و تاكەكانی نەتەوەش سنوورە دەستكردەكانیان سڕیوەتەوە و ئامادەبوون لەسەر هەر بستە خاكێكی ئەم نیشتمانە چوار پارچەیەدا گیانی خۆیان بكەن بە قوربانی كوردستان و وەك یەك نیشتمان سەیری بكەن.

كەواتە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان بەو مانایەی كە هەر چوار پارچەی كوردستان وەك یەك نیشتمان پێناسە دەكاتەوە و بە كردەییش وەك یەك نیشتمان مامەڵەی لەگەڵ دەكات، ئەوا ئەم بزووتنەوەیە بەم مانا تازەیەی، لەگەڵ ئەو بڕیارە مێژووییەی مستەفا بارزانی كە بڕیاری دا چۆن ئامادەیە لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی لە باشووری كوردستان شۆڕش بەرپا بكات و قوربانی بكات، ئەوا بە هەمان شێوە ئامادەیە ببێتە بەشێك لە شۆڕشی رۆژهەڵات و ئامادەیە ببنە سەربازی پاراستنی كۆماری كوردستان لە پارچەیەكی دیكەی كوردستاندا. لەمەش زیاتر چەمكی كوردستان وەك یەك (نیشتمان) دوای رووخانی كۆماری كوردستان لە فیكری (مستەفا بارزانی)دا بە ئاستێكی هێندە بەرز گەشە دەكات كە لە كۆنگرەی (باكۆ) و بۆ دووبارە رێكخستنەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان چوارچێوەیەكی ستراتیژی وەردەگرێت

و خەباتی هەردوو بەشەکەی (باشوور و رۆژهەڵات) وەك یەك نیشتمان پێناسە دەكات و ئەم دوو پارچەیە دەكاتە سەرەتایەك بۆ ئیعلانی جمهووریی كوردستانی گەورە.

كەواتە لێرەوە دەكرێت بڵێین: چۆن هیگل مودێرنە وەك (سەردەمێكی نویێ) پێناسە دەكات و جەخت لەوە دەكاتەوە لەگەڵ دەستپێكی مودێرنە سەردەمی سەدە تاریكەكان و پاشكۆبوونی كەنیسە كۆتایی هات و ئیدی ئەو سەردەمە دەست پێدەكات كە مرۆڤ ئازادانە بیردەكاتەوە و لەناو ئەو بیركردنەوە ئازادانەیەیدا دووبارە مانای (بوونی خۆی) پێناسە دەكاتەوە و ئازادی مانای (بوونی مرۆڤ) دیاری دەكات، ئەوا دەستپێكی شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستانیش بە هەمان شێوە دەستپێكی (سەردەمێكی نوێی) ە لە كوردستاندا، لەم سەردەمە نوێیە تاكەكانی كوردستان ئازادانە بیردەكەنەوە و لە ناو بیركردنەوەیەكی تازە و ئازادانەدا مانای (بوونی خۆی) پێناسە دەكاتەوە و ئازادی دەكاتە بنەما بۆ ئەوەی مانای (بوون)ی نەتەوەی كوردستان دیاری بكات. ئەمەش مانای ئەوەیە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان چوارچێوەیەك بۆ پێناسەی (بوونی نەتەوە) دادەڕێژێتەوە، راستە پێش دەستپێكی شۆڕشی رزگاریخوازیی كوردستانیش، نەتەوە (بوون)ی هەبووە، بەڵام (بوون)ی نەتەوە پێش شۆڕشی رزگاریخوازیی كوردستان مانایەكی هەیە و لە دوای دەستپێكی شۆڕشی رزگاریخوازیی كوردستان (بوون) مانایەكی دیكەی هەیە، راشكاوانەتر دەقاودەق كۆجیتۆی دیكارتی لەسەر جێبەجێ دەكرێت كە دەڵێت: «من بیر دەكەمەوە، واتە من هەم.» مەبستی دیكارت لەم رستە بەرز و پڕمانایە ئەوەیە (مرۆڤ هەتا بە ئازادانە بیر نەكاتەوە، بوونی هیچ مانایەكی نییە، راستە وەك (بوون)، بوونی هەیە، مانای (بوون)ی پێش بیركردنەوەی ئازاد، پێناسەی مرۆڤێكی كۆیلەیە لە سەردەمی تاریكیدا، بەڵام مانای (بوون) دوای بیركردنەوەی ئازاد، پێناسەی مرۆڤێكی ئازادە لەسەردەمی رۆشنگەریدا، دیارە رۆشنگەریش نەك بە مانای (تەسقیف)، بەڵكو بەمانای بەرچاو رۆشنكردنەوە (تەنویر)، ئەمەش واتە هەڵگرتنی كۆت و بەندی (تەسقیف)ی كەنیسە لەسەر ئەقڵی مرۆڤەكان و دەست پێكردنی بیركردنەوەی ئازادانە، یان وەك (بەڵێ و نەخێر)ەكەی هیگل، كە مرۆڤی ئازاد دەگاتە ئەو ئاستەی بە دەنگی بەرز دەڵێت: (نەخێر بۆ كۆیلایەتی) و (بەڵێ بۆ ئازادی).

بێگومان لە هەموو شۆڕشەكانی كوردستاندا، شۆڕش ئەو مانایەی هەبووە كە نەتەوەی كورد بە دەنگی بەرز بڵێت: (نەخێر بۆ كۆیلایەتی و بەڵێ بۆ ئازادی)، بەڵام هەتا راگەیاندنی كۆماری كوردستان و بڕیارە مێژووییەكەی مستەفا بارزانی بە چوونی بۆ پاراستنی ئەو كۆمارە، ئەم (بەڵێ و نەخێر)ـە ناوچەیی بووەو بە شێوەیەكی پچڕپچڕ لە ناوچە جیاوازەكانی كوردستان راگەیەندراوە و شۆڕشەكانیش ماوەیان كورت بووە و بوونەتە قوربانیی پیلانی داگیركارانی كوردستان و هاوكاریی ئەو كۆیلە و جاشانەی لە ژینگەی سیاسیی شۆڕشەكانی كوردستاندا دروست بوون، بەڵام لەگەڵ راگەیاندنی كۆماری كوردستان، (بەڵێ و نەخێر)ی شۆڕشی كوردستان سیمایەكی سەرتاسەریی تەواوی تاكەكانی كوردستان وەردەگرێت و لە هەر چوارپارچەی كوردستان (نەخێر بۆ كۆیلایەتی و بەڵێ بۆ ئازادی)، پێش ئەوەی ببێتە دروشمی شۆڕش لە هەر چوارپارچەی كوردستان، دەبێتە ویژدانی هەر تاكێكی كوردستان لەناو پێناسەی ئازادیخوازیدا، ئەوجا ئەگەر لێرەوە و لەناو ئەو ژینگە ئازادەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان بۆ بیركردنەوەی تاكەكانی دروستی كردووە، سەرنج لەو چەمكانە بدەین كە خۆڕسكانە لەناو ئەم بیركردنەوە ئازادانەیە دروست بووە، دەبینین چەمكەكان راستە لەوانەیە (وشەیەك یان یەك دوو وشە بن) بەڵام دەقاودەقا ئەو وشانە پێناسەی ئەوە دەكەن كە بوونی نەتەوەی كورد بێ ئازادی هیچ مانایەكی نییە. هەر بۆ نموونە وشەی (پێشمەرگە) كە ئەم وشەیە خۆڕسكانە هەڵقوڵاوی ژینگەی ئازادی سەردەمی راگەیاندنی كۆماری كوردستانە و وەك باس دەكەن ئەم وشەیە لە زاری كەسێكی سادەوە هاتۆتە دەرەوە، بەڵام كە لەسەر مانا بەرزەكەی هەڵوەستە دەكەین، دەبینین وشەی (پێشمەرگە) هەموو ماناكانی ئازادی و تەواوی (بوون)ی نەتەوەی كورد لەناو ژینگەی ئازادیدا پێناسە دەكاتەوە، و لە هەمانكاتدا ئەوەشمان پێدەڵێت: (مردن لە پێناوی ئازادیدا هەزار جار

مانای (بوون)ی پێش بیركردنەوەی ئازاد، پێناسەی مرۆڤێكی كۆیلەیە لە سەردەمی تاریكیدا، بەڵام مانای (بوون) دوای بیركردنەوەی ئازاد، پێناسەی مرۆڤێكی ئازادە لەسەردەمی رۆشنگەریدا، دیارە رۆشنگەریش نەک بە مانای (تەسقیف)، بەڵكو بەمانای بەرچاو رۆشنكردنەوە (تەنویر)

بێگومان لە هەموو شۆڕشەكانی كوردستاندا، شۆڕش ئەو مانایەی هەبووە كە نەتەوەی كورد بە دەنگی بەرز بڵێت: (نەخێر بۆ كۆیلایەتی و بەڵێ بۆ ئازادی)، بەڵام هەتا راگەیاندنی كۆماری كوردستان و بڕیارە مێژووییەكەی مستەفا بارزانی بە چوونی بۆ پاراستنی ئەو كۆمارە، ئەم (بەڵێ و نەخێر)ـە ناوچەیی بووەو بە شێوەیەكی پچڕپچڕ لە ناوچە جیاوازەكانی كوردستان راگەیەندراوە و شۆڕشەكانیش ماوەیان كورت بووە و بوونەتە قوربانیی پیلانی داگیركارانی كوردستان و هاوكاریی ئەو كۆیلە و جاشانەی لە ژینگەی سیاسیی شۆڕشەكانی كوردستاندا دروست بوون



**وشەی (پێشمەرگە) کە ئەم وشەیە خۆڕسکانە هەڵقوڵاوی ژینگەی ئازادی سەردەمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانە و وەک باس دەکەن ئەم وشەیە لە زاری کەسێکی سادەوە هاتۆتە دەرەوە، بەڵام کە لەسەر مانا بەرزەکەی هەڵوەستە دەکەین، دەبینین وشەی (پێشمەرگە) هەموو ماناکانی ئازادی و تەواوی (بوون)ی نەتەوەی کورد لەناو ژینگەی ئازادیدا پێناسە دەکاتەوە**

لە ژیانی کۆیلایەتی باشترە) بۆیە وشەی (پێشمەرگە)، بەمانای وشە واتە (خۆت پێش مەرگ بکەوێت بۆ ئەوەی کۆیلایەتی کۆتایی پێ بێت)، لەدوای لەدایکبوونی خۆڕسکانەی چەمکی (پێشمەرگە)، چەمکێکی دیکە دیسان خۆڕسکانە لە دایك دەبێت و دەبێتە دروشمی شۆڕشی ئەیلوول کە ئەویش چەمکی (کوردستان یان نەمانە)، سەبارەت بە دروشمی شۆڕش مستەفا عەقاد لە کتێبی فەلسەفەی شۆڕشدا دەڵێت: (دروشمی هەر شۆڕشێك پێناسەیە بۆ خواستی نەتەوەیەك)، بۆیە ئەگەر سەیری دروشمی (کوردستان یان نەمان) بکەین، ئەوا نەتەوەی کورد تێکڕا بە یەکەوە دەڵێن: (بەبێ کوردستانێکی ئازاد هەموو مردن هەڵدەبژێرین)، بەڵام ئەگەر ئەم دروشمە لەگەڵ دروشمی شۆڕشی فەرەنسا بەراورد بکەین، کە بریتی بووە لە (یەکسانی و برایەتی و ئازادی)، ئەم سێ وشەیە وەك عەقاد لە کتێبەکەی ئاماژەی پێکردووە، لە زمانی فەرەنسیدا زۆر هاوئاوازی یەکترین و کەسێك لەسەرەتادا کە سەرنجی دەدات، وا هەست دەکات لەبەر ئەوەی ئەم سێ وشەیە هاوئاوازن، بۆیە بوونەتە دروشمی شۆڕشی فەرەنسا، بەڵام ئەم سێ وشەیە پێناسەی هەموو وردەکارییەکانی ناو شۆڕشی فەرەنسا دەکات، کەواتە لەم سۆنگەیەوە دروشمی (کوردستان یان نەمان) یان چەمکی (پێشمەرگە) کە بوونە دووانەی مانادانەوە بە شۆڕشی کوردستان و مانادانەوە بە (بوون)ی نەتەوەی کورد، تەواوی وردەکارییەکانی مانای شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان پێناسە دەکاتەوە.

بەڵام ئەگەر لێرەدا و بە دیدێکی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگاندێکی واقیعییانە بۆ ئەو ژینگە سیاسییە ئازادە بکەین کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشەکانی هێناویەتەئاراوە و ئەو پرسیارە بکەین، ئایا دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مرۆڤی




کۆیلە و دیاردەی جاشایەتیش، بەرهەمێکی خراپی ئەو ژینگە سیاسییە ئازادە نییە؟ ئایا دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆیلایەتی و جاشێتی، کۆتایی مانای ئازادی، یان کۆتایی مانای بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان نییە؟ یان بۆچی ئەو مەعریفەیەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بۆ مانادانەوە بە ئازادی و مانادانەوە بە (بوونی نەتەوە) لەناو ئەو ژینگە ئازادە لە راستەڕێی خۆی لایدا و بووە مەعریفەیەکی بەرژەوەندخوازی بەشێك لە حزبە سیاسییەکان و بەشێك لە هۆزەکانی کوردستان و دژی بزووتنەوەی کوردستان راوەستانەوە و دووبارە و بەدەنگی بەرز ( بەڵێ بۆ کۆیلایەتیان) بۆ داگیرکەران گوتەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە لێپرسینەوە (موسائەلەی) کۆی مێژووی رزگاریخوازیی کوردستان هەیە و پێویستە تەنیا دیکۆمێنتەکانی ناو ئەو مێژووە وەڵامی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بداتەوە.

### ● لێپرسینەوەی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان بۆچی مەعریفەی ئازادیخوازی گۆڕا بۆ مەعریفەی بەرژەوەندخوازی؟

لێپرسینەوە، یان (موسائەلە)ی مێژوو، تاوانبارکردن و دادگاییکردنی مێژوو نییە، هەتا مێژوو پاکانە بۆ ئەو هەڵانە بکات کە لەناو ئەو مێژووە روویانداوە، بەڵکو لێپرسینەوە واتە دووبارە پرسیارکردن لەو مێژووە بۆ ئەوەی راستگۆیانە وەڵامی ئەو پرسیارانەی تاکەکانی نەتەوە بداتەوە کە رووبەڕووی کۆی ئەو مێژووەی دەکاتەوە.

ئەوجا لێرەوە و تەنیا بۆ شرۆڤەیەکی بەراوردکاری، ئاراستەی لێپرسینەوە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانەوە بگۆڕین و ئەم لێپرسینەوەیە ئاراستەی مێژووی مودێرنە بکەین و هەمان پرسیاری ئاراستە بکەینەوە: (بۆچی مەعریفەی ئازادیخوازانەی مودێرنە گۆڕا بۆ مەعریفەی بەرژەوەندخوازی سەرمایەداری؟).

**دروشمی (کوردستان یان نەمان) یان چەمکی (پێشمەرگە) کە بوونە دووانەی مانادانەوە بە شۆڕشی کوردستان و مانادانەوە بە (بوون)ی نەتەوەی کورد، تەواوی وردەکارییەکانی مانای شۆڕشی رزگاریخوازیی کوردستان پێناسە دەکاتەوە**

**گەورەترین دەستکەوتی بیرکردنەوەی ئازادیی تاکەکانی رۆژئاوا لە سەردەمی مودێرنە بریتی بووە لە دۆزینەوەی یاساکانی سرووشت، ئەم دۆزینەوانە بوونە هۆکاری ئەوەی تەواوی توانای ئەقڵی تاکی رۆژئاوا بکەوێتە کار و هەم پێشکەوتنێکی گەورە لە بواری زانست بێتەئاراوە، هەمیش پێشکەوتنێکی گەورە لە بواری فیکر و فەلسەفە بێتەئاراوە، ئەمەش زەمینەی بۆ شۆڕشی پیشەسازی دروست کرد**

**مارکسیستەکانیش، لە بری ئەوەی مەعریفەی ئازادیخوازانە بگێڕنەوە جێگەی خۆی، چوارچێوەیەکیان لەسەر ئەقڵی مرۆڤەکان دروستکرد، بۆ ئەوەی لەناو ئەو چوارچێوەیەدا پێناسەیەکی تازە بۆ مەعریفەی ئازادیخوازانە بە سەر ئەقڵی مرۆڤەکاندا بسەپێنن، بەمەش هەم مۆدێرنە بەرەو لادانی تەواو لە ئامانجە رەسەنەکەی چوو، هەمیش مارکسیەت لە بەردەم سیستمی سەرمایەداریدا چۆکی دادا**

ئەوا مێژووی مودێرنە راشکاوانە و راستگۆیانە بە پرسیارێکی دیکە وەڵاممان دەداتەوە و لێمان دەپرسێت: ئایا گەورەترین بەرهەمی مودێرنە و ژینگەی ئازادیی بیرکردنەوەی ئازادیی تاکەکانی رۆژئاوا لە سەردەمی مودێرنە چی بوون؟ بێگومان ئەو مێژووە پێمان دەڵێت: گەورەترین دەستکەوتی بیرکردنەوەی ئازادیی تاکەکانی رۆژئاوا لە سەردەمی مودێرنە بریتی بووە لە دۆزینەوەی یاساکانی سرووشت، ئەم دۆزینەوانە بوونە هۆکاری ئەوەی تەواوی توانای ئەقڵی تاکی رۆژئاوا بکەوێتە کار و هەم پێشکەوتنێکی گەورە لە بواری زانست بێتەئاراوە، هەمیش پێشکەوتنێکی گەورە لە بواری فیکر و فەلسەفە بێتەئاراوە، ئەمەش زەمینەی بۆ شۆڕشی پیشەسازی دروست کرد. کەواتە مێژووی مودێرنە راستگۆیانە پێمان دەڵێت: لادان لە راستەڕێی ئامانجەکانی مودێرنە لە شۆڕشی پیشەسازییەوە دەست پێدەکات، بەڵام پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە: بۆچی شۆڕشی پیشەسازی وایکرد، لادان لە ئامانجە گەورەکەی مودێرنە کە (ئازادیی مرۆڤە) دروست بێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دیسان ئەو مێژووە پێمان دەڵێت: ئەو پێشکەوتنە زانستییەی لەو سەردەمە هاتەئاراوە، بەو ئامانجە بوو کە ئاستی بەرهەمهێنان زیاد بکات و خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی نەتەوە فەراهەم بێت، بەڵام ئەم مەعریفە ئازادیخوازییە لەلایەن سەرمایەداران و خاوەن کارگەکان پێچەوانە کرایەوە و ئەو پێشکەوتنە زانستییەی کە ئاستی بەرهەمهێنانی سەدان جار زیاد کرد، خرایە بەرژەوەندیی کۆکردنەوەی سەرمایەداران و خاوەن کارگەکان و دووبارە مرۆڤەکان کرانەوە بە کۆیلەی ئامێرەکان.

دیارە کارل مارکس پێش هەر کەسێکی دیکە، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەو واقیعە تازەیەی کۆیلایەتیی مرۆڤ، لێپرسینەوەی لەگەڵ مێژووی مودێرنە و دەستکەوتە گەورەکەی (شۆڕشی پیشەسازی) کردووە، هەر لەسەر بنەمای ئەم لێپرسینەوەیەش بیرکردنەوەیەکی تازەی بەناوی (فەلسەفەی مارکسیزم) هێنایەئاراوە، بەڵام مارکس بۆ نەیتوانی ئاراستەی مەعریفەی ئازادیخوازانە راست بکاتەوە و مەعریفەی بەرژەوەندخوازی لێ داماڵێت؟ بێگومان مێژووی (مارکسیەت) وەك بیرکردنەوەی تازە بۆ جێبەجێکردن لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا رووخانی دیواری بەرلین، ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە مارکس و مارکسیستەکانیش، لە بری ئەوەی مەعریفەی ئازادیخوازانە بگێڕنەوە جێگەی خۆی، واتە چۆن مەعریفەی ئازادیخوازی بەرهەمی بیرکردنەوەی ئازادانەی مرۆڤەکانە، ئەوان هاتن چوارچێوەیەکیان لەسەر ئەقڵی مرۆڤەکان دروستکرد، بۆ ئەوەی لەناو ئەو چوارچێوەیەدا پێناسەیەکی تازە بۆ مەعریفەی ئازادیخوازانە بە سەر ئەقڵی مرۆڤەکاندا بسەپێنن، بەمەش هەم مۆدێرنە بەرەو لادانی تەواو لە ئامانجە رەسەنەکەی چوو، هەمیش مارکسیەت لە بەردەم سیستمی سەرمایەداریدا چۆکی دادا.

ئەوجا ئەگەر لە روانگەی لێپرسینەوە لە مێژووی مودێرنەوە، بگەڕێینەوە و لێپرسینەوە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بکەین و لەو مێژووە بپرسین: ئایا گەورەترین دەستکەوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە دوای کۆماری کوردستانەوە چی بووە؟ بێگومان ئەو مێژووە پێمان دەڵێت: گەورەترین دەستکەوت، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. بەڵام دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان نەك وەك دامەزراندنی (حزبێکی سیاسی بۆ سەپاندنی ئایدۆلۆژیەتێکی دیاریکراو) بەڵکو وەك بەرەیەکی نیشتمانی بۆ ئاشتکردنەوەی کۆی بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و کۆکردنەوەی کۆی (چینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری) بۆ پێناسەکردنەوەی کوردایەتی و رێکخستن و هاندانی تواناکان بۆ خەباتکردن لەناو چوارچێوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و هەروەها بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی ئازادیخوازانە بۆ ئەوەی مانای (بوون)ی نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان بۆ تاکەکان بکاتەوە.

کەواتە، چۆن لادان لە ئامانجە گەورەکەی مودێرنە لە دەستکەوتە گەورەکەوە کە (شۆڕشی پیشەسازییە) سەرچاوە دەگرێت، ئەوا لادان لە ئامانجە گەورەکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانیش دیسان لە دەستکەوتە گەورەکەوە کە (پارتی دیموکراتی کوردستانە) سەرچاوە دەگرێت.

ئەگەر لێرەوە بە وردی خاڵ بخەینە سەر پیتەکان و بپرسین: بۆچی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئەم حاڵەتە هاتەئاراوە؟ ئەوا مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان راستگۆیانە پێمان دەڵێت: پێناسەی (پارتی) لە فیکری مستەفا بارزانی، پێناسەی (حزبێکی سیاسی) رۆژهەڵاتی نییە، ئەمەش بەو مانایەی (پارتی) لە فیکری بارزانی-دا، بەرەیەکی نیشتمانییە بۆ ئاشتکردنەوەی هەموو بیروبۆچوونە جیاواز و دژەکان و کۆکردنەوەی کۆی توانای چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، هەر بۆیە دوای رووخانی کۆماری کوردستان و رێڕەوە مێژووییەکەی بارزانی بە پەڕینەوەی لە رووباری ئاراس، دیسان (پارتی) وەك چەمك نەك (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە فیکری بارزانی-دا دەبێتە بازنەیەکی فراوانتر بۆ بەرەیەکی گەورەتری نیشتمانی کە هەردوو بەشی (رۆژهەڵات و باشوور) پێکەوە کۆبکاتەوە و بازنەیەکی فراوانتر بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئازادیخوازی بێتەئاراوە، بەڵام بە دوورکەوتنەوەی مستەفا بارزانی لە کوردستان و مانەوەی بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە هەمان چەمکی (پارتی) لە فیکری مستەفا بارزانی مامەڵەی لەگەڵ نەکرا، بۆیە ئەو مەعریفە ئازادیخوازییەی مستەفا بارزانی ئومێدی بوو لەناو ژینگەی پارتیدا بەرهەم بێت، لەلایەن سەرکردایەتیی ئەو کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆڕا بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی بەرژەوەندخواز لە لایەن سەرکردەکانی ئەو سەردەمەی پارتی، ئەمەش واتە لە بری ئەوەی پارتی ئەو بازنەیە بێت بۆ مەعریفەیەکی ئازادیخوازانە و ئەم مەعریفە ئازادیخوازانەیە بەرهەمی کۆی بیرکردنەوە و ئەقڵی تاکەکانی کوردستان بێت، گۆڕا بۆ مەعریفەیەکی بەرژەوەندخوازی، بیرکردنەوەی هەلپەرستانەی سەرکردەکانی ئەو کاتی پارتی بەکارهێنرا، بۆ ئەوەی کامیان دەبنە سکرتێری حزب و کامیان دەبنە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی ئەو حزبە، بۆیە ئەگەر لە ناو مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستاندا، لێپرسینەوە لە مێژووی پارتی بکەین، ئەوا ئەو مێژووە پێمان دەڵێت: پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی ساڵانی ١٩٤٦- ١٩٥٨ کە بارزانی لێی دوور بووە، ئەو (پارتی)یە نەبووە کە بارزانی بۆ ئامانجە گەورەکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دایمەزراند.

**پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی ساڵانی ١٩٤٦- ١٩٥٨ کە بارزانی لێی دوور بووە، ئەو (پارتی)یە نەبووە کە بارزانی بۆ ئامانجە گەورەکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دایمەزراند**

مستەفا بارزانی دوای گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٥٨، هەوڵیدا لەمیانەی گرێدانی کۆنگرەیەکی نوێ بۆ (پارتی) جارێکی دیکە هەمان مانای دامەزراندن بداتەوە بە چەمکی (پارتی)، کەچی ئەو مەکتەبی سیاسییەی بە حیساب (هاوکار و یاریدەدەری) بارزانی بوون، بۆ ئەوەی پارتی دووبارە ببێتەوە ئەو بازنەیەی مەعریفەی ئازادیخوازانە بەرهەم بهێنێتەوە و شۆڕشی کوردستان بۆ ئازادی بەرەو سەرکەوتن بەرن، دیسان ژینگەی سیاسی (پارتی)یان کردبووە هەمان ژینگەی بەرهەمهێنانەوەی مەعریفەی بەرژەوەندخوازی و بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی مستەفا بارزانی لە رێبەرایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دووربخەنەوە، بەحیسابی ئەقڵی خۆیان مستەفا بارزانی لەبەر ئەوەی سەرۆکی (پارتی)یە، بۆیە بۆتە رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، ئەوەیان لەبیر خۆیان بردبووەوە کە مستەفا بارزانی خۆی رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بووە کە بیری لە دامەزراندنی (پارتی) کردووەتەوە. هەر بۆیە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی هەمووکات بۆ دەرفەتێك دەگەڕان کە گورزێك لە مستەفا بارزانی بوەشێنن، ئەمەیان هەتا ساڵی ١٩٦٤ بۆ نەڕەخسا، بەڵام دوای راوێژکردنی راستەوخۆی مستەفا بارزانی لەگەڵ نوێنەرانی چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان، کە بڕیاری دا، ئاگربەستێك لەگەڵ حکومەتی ئەوکاتی عێراق بکات، باڵی مەکتەبی سیاسی ئەمەی کردە بیانوو و رایانگەیاند «مستەفا بارزانی تەسلیمی رژێمی عێراق بووە و کۆتایی بە شۆڕش دەهێنێنت و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش هەڵدەوەشێنێتەوە..»، بۆ ئەمەش لە مەکتەبی سیاسی بەیانێکیان دەرکرد، بە حیساب مستەفا بارزانی لە رێبەرایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دەخەن و خۆیان لە چیاکان دەمێننەوە و درێژە بە شۆڕشی

**لە دوای جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە (پارتی)، ئامانجی حزبی سیاسی لە کوردستان بووە گۆڕینی مەعریفەی ئازادیخوازنەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بۆ مەعریفەی بەرژەوەندخوازیی حزبایەتیی تەسک و تەنیا ئامانجیان ئەوە بووە کە مانا و بەهاکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بشکێنن، بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو بەرن**

رزگاریخوازیی کوردستان دەدەن، ئەمەش دروست وەك بیرکردنەوەی مارکس و مارکسییەکان، باڵی مەکتەبی سیاسی لە بری ئەوەی هەوڵبدەن لە بیرکردنەوەی بارزانی تێبگەن و پارتی بکەنەوە بە ژینگەی بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئازادیخوازنە، هاتن چوارچێوەیەکیان بۆ مەعریفەی ئازادیخوازانە دروستکرد و دەیانویست ئەم چوارچێوەیە بەسەر بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی و تەواوی ئەقڵی تاکەکانی کوردستاندا بسەپێنن، سەرەنجامیش چۆن مارکس و مارکسییەکان بوونە فاکتەرێکی دیکە بۆ دوورخستنەوەی مودێرنە لە ئامانجە گەورەکەی کە (ئازادیی مرۆڤ) بوو، بەهەمان شێوە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتیش بوونە ئاستەنگێك بۆ ئامانجە گەورەکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، هەروەها مانای چەمکی (پارتی)یشیان لەباڵی مەکتەبی سیاسی لەو مەعریفە ئازادیخوازانەیە داماڵی کە بارزانی مستەفا لەو پێناوەدا پارتی دامەزراندبوو، بەمەش مانای (حزبی) سیاسییان بە تەواوەتی گۆڕی بۆ مانای ئەو (کارگانە)ی کە لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی هاتبوونەئاراوە، ئەوجا ئەو کارگانە چۆن مەعریفەی ئازادیخوازیی شۆڕشی پیشەسازییان گۆڕی بۆ مەعریفەی بەرژەوەندخوازیی سیاسی و تەنیا ئامانجیان کەڵەکەکردنی سەرمایە بوو، نەك ئازادیی مرۆڤ، بە هەمان شێوەش لە دوای جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە (پارتی)، ئامانجی حزبی سیاسی لە کوردستان بووە گۆڕینی مەعریفەی ئازادیخوازنەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی



**ئێستا حزبی سیاسی لە کوردستاندا لە بنەڕەتدا لە پێناوی بەرهەمهێنانی مەعریفەی بەرژەوەندخوازیی حزبی دروست دەبێت و ئامانجیشی تەنیا ئەوەیە ئاستەنگ دروست بکات بۆ ئەوەی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا مەعریفەی ئازادیخوازی بەرهەم نەیەت**

**کاتێک خیانەتێکی گەورەی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ روودەدات، پارتی هەقیەتی بڵێت: مەزندەمان نەدەکرد ژینگەی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بەو ئاستە گەیشتبێت کە خەڵکانێک بەرهەم بهێنێت کە شانازی بە جاشایەتی و کۆیلەبوونی خۆیەوە بکات**

کوردستان بۆ مەعریفەی بەرژەوەندخوازیی حزبایەتیی تەسك و تەنیا ئامانجیان ئەوە بووە کە مانا و بەهاکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بشکێنن، بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو بەرن، لەگەڵ ئەوەی ئەمەیان بۆ نەچووەسەر و لە بەردەم ئیرادەی پێشمەرگە و شۆڕشی ئەیلوول چۆکیان دادا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هەڵەیە بەتەواوەتی راست نەکرایەوە و نەتوانرا ژینگەی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە مەعریفەی بەرژەوەندخوازی پاك بکرێتەوە، ئەوا ئێستا حزبی سیاسی لە کوردستاندا لە بنەڕەتدا لە پێناوی بەرهەمهێنانی مەعریفەی بەرژەوەندخوازیی حزبی دروست دەبێت و ئامانجیشی تەنیا ئەوەیە ئاستەنگ دروست بکات بۆ ئەوەی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا مەعریفەی ئازادیخوازی بەرهەم نەیەت، ئەمە وایکردووە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە دیاریەوە سەری سوڕماوە، هەر بۆ نموونە کاتێك خیانەتێکی گەورەی وەك ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ روودەدات، پارتی هەقیەتی بڵێت: مەزندەمان نەدەکرد ژینگەی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بەو ئاستە گەیشتبێت کە خەڵکانێك بەرهەم بهێنێت کە شانازی بە جاشایەتی و کۆیلەبوونی خۆیەوە بکات، لێ چۆن لە ئاکامی پشتگوێخستنی راستکردنەوەی هەڵەکانی مودێرنە، راستە کۆمۆنیست رووخا، بەڵام بەڵایەکی خراپتری لە کۆمۆنیست بۆ دیموکراتی دروست کرد، کە ئەویش سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمی (چەپ و راست و ئیسلامی و کریستیان و .. هتد) بوو، بە هەمان شێوە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانیش، راستە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر نەیهێشت جاش و کۆیلەکان سەربکەون، بەڵام ئەگەر هەڵەکانی ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان چارەسەر نەکرێت، ئەوا ئەمجارەیان خەڵکانی وا دروست دەبن کە بەڵای خراپتر بە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بهێنن.

**ئەگەر هەڵەکانی ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان چارەسەر نەکرێت، ئەوا ئەمجارەیان خەڵکانی وا دروست دەبن کە بەڵای خراپتر بە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بهێنن**

**چەند بەرهەمی مۆدێرنە بە ئاراستە ئازادیخوازییەکەی بووەتە هۆکاری بەختەوەریی مرۆڤ، بەڵام بە دیوە بەرژەوەندیخوازییەکەی بووەتە هۆکاری ئەوەی بەختەوەریی مرۆڤ بخاتە دووڕیان و مەترسییەوە و ئازادی بێ مانا و بێ بەها بکات**



**● راستنەکردنەوەی هەڵەکانی مێژوو تاوانەکان دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو خراپتر بەرهەم دێنێتەوە**

هەروەك بیرکردنەوەی ئازادانەی مرۆڤ بە بەردەوامی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کۆی تواناکانی ئەقڵی مرۆڤ بکەوێتە کار و مەعریفەیەکی ئازادیخوازانەی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت کە خۆی لە شۆڕشی پیشەسازیدا بەرجەستە بکات و ئەم بیرکردنەوە کۆتایی نەیەت و لە بەرگێکی تازە و جیاوازدا چەندین شۆڕشی دیکەی پیشەسازی بەرهەم بهێنێتەوە کە ئێستا لە قۆناخی شۆڕشی پیشەسازی چوارەمداین، بەهەمان شێوە بیرکردنەوەی مەبەستداریش لە زانست بە بەردەوامی دیسان دەبێتە هۆکاری ئەوەی کۆی تواناکانی ئەقڵی مرۆڤ بکەوێتە کار و مەعریفەیەکی بەرژەوەندخوازی ئەوتۆ بەرهەم دەهێنێت کە دیسان ئەویش هەر خۆی لە شۆڕشەکانی پیشەسازیدا بەرجەستە دەکاتەوە، بەڵام هیچ مانا و بەهایەك بۆ مرۆڤایەتی و ئازادی ناهێڵێتەوە.

ئەگەر سەرنج لە مێژووی مودێرنە بدەین، دەبینین دەستکەوتەکان و بەرهەمی هەڵەکانی ناو ئەو مێژووە، بە هاوشانی یەکتری بەرهەمەکانیان هەڵدەکشێن و چەند ئاستی بیرکردنەوەی ئازایخوازانە گەشە بکات، بە هەمان ئاستیش بیرکردنەوەی بەرژەوەندخوازییانە گەشە دەکات، هەر بۆیە ئەگەر لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیی یەکەمدا، ئامانجی بەرژەوەندخوازیی سەرمایەداری ئەوە بوویێت کە پیشەگەری دەستی بکاتە کرێکار لە کارگەی خۆیدا و رەنجی شانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی هەراج بکات، ئەوا لە ئێستای شۆڕشی پیشەسازی چوارەمدا، ئامانجی سەرمایەداری بووەتە ئەوەی کە زانست بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنێت کە سەرجەم کرێکاران لەکارگەکان بکاتە دەرەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە چەند بەرهەمی مۆدێرنە بە ئاراستە ئازادیخوازییەکەی بووەتە هۆکاری بەختەوەریی مرۆڤ، بەڵام بە دیوە بەرژەوەندیخوازییەکەی بووەتە هۆکاری ئەوەی بەختەوەریی مرۆڤ بخاتە دووڕیان و مەترسییەوە و ئازادی بێ مانا و بێ بەها بکات.

ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە، بێینەوە ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، ئەوا بەهەمان شێوە دەبینین چۆن هۆشیاریی سیاسی بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئازادیخوازی و بەرزراگرتنی مانای ئازادی رۆژ لە دوای رۆژ لە هەڵکشاندایە، هەروەها دروشمی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە لامەرکەزییەوە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بڕیاری ریفراندۆمی سەربەخۆیی بدات و بڕیارەکەشی جێبەجێ بکات، ئەوا بەهەمان شێوەش بیرکردنەوەی بەرژەوەندیخوازی حزبییانەش کە بووەتە بنەمای هەڵسووڕانی کاری حزبایەتی لە کوردستاندا، بە ئاستێك هەڵکشاوە کە ئامادەیە لە پێناوی بەرژەوەندیی حزبدا، هیچ مانا و بەهایەك بۆ کوردایەتی و ئازادی نەهێڵێتەوە.

ئەگەر لێرە قۆناخبەندییەك بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بکەین، بەتایبەتی لەدوای راگەیاندنی کۆماری کوردستان و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەتا ئێستا، ئەوا دەکرێت بەسەر چوار قۆناخدا دابەشیان بکەین، بەمجۆرە:

١- قۆناخی یەکەم ١٩٤٦-١٩٥٨ شێوازی هەڵسووڕانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە غیابی مستەفا بارزانی-دا.

٢- قۆناخی دووەم ١٩٥٨ قۆناخی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول هەتا نسکۆی ١٩٧٥.

٣- قۆناخی سێیەم ١٩٧٥ – ١٩٩١، قۆناخی فرەحزبی و شەڕی براکوژی و یەکتری سڕینەوە.

٤- قۆناخی چوارەم لە راپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا.

ئەگەر لەسەر ئەم چوار قۆناخە هەڵوەستە بکەین، دەبینین لەهەر چوار قۆناخەکەدا بیرکردنەوەی بەرژەوەندخوازیی حزبی بوونی هەبووە، بەڵام لەهەر قۆناخیکدا ئەو هەڵە و تاوانانەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەناو ئەو مێژووەدا دروستی کردوون، دەبینین دووبارەبوونەوەی هەمان هەڵە و تاوان نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانەوەی هەڵە و تاوانی ئەوتۆیە کە کۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دەخاتە دووڕیانی لەناوچوون و نەمانەوە. هەر بۆ نموونە ئەگەر بیرکردنەوەی بەرژەوەندیخوازیی حزبییانە لە ماوەی سالانی ١٩٤٦-١٩٥٨ و لە غیابی مستەفا بارزانی-دا، تەنیا بە ئامانجی ئەوە بوویێت کە ملی هەڤاڵێکی خۆی لەناو سەرکردایەتی،

■

**بیرکردنەوەی بەرژەوەندیخوازی حزبییانەش کە بووەتە بنەمای هەڵسووڕانی کاری حزبایەتی لە کوردستاندا، بە ئاستێک هەڵکشاوە کە ئامادەیە لە پێناوی بەرژەوەندیی حزبدا، هیچ مانا و بەهایەک بۆ کوردایەتی و ئازادی نەهێڵێتەوە**

■

**گەشەی بیرکردنەوەی بەرژەوەندیی حزبی، بە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی و جیاوازیی ناوی حزبە سیاسییەکانەوە، لەناو ئەم ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەدا گەیشتە ئەوەی کە بەهاکانی (نیشتمان، ئازادی، سەربەخۆیی) لەناو بەها بەرزەکانی خۆی بێنێتە دەرێ و لەناو پانتایەکی بێ مانادا پێناسەیان بکاتەوە، ئەمەش وابکات ژینگەی سیاسی ببێتە ئەو ژینگەیەی کە خیانەتکردن لە (نیشتمان و ئازادی و سەربەخۆیی) وەک دەستکەوتێکی حزبی سەیر بکرێت و شانازی پێوە بکەن**

یان مەکتەبی سیاسیی پارتی بشکێنێت و بەو مەبەستە بوویێت خۆی ببێتە سکرتێر، یان ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئەوا لە قۆناخی دووەمدا کە ماوەی سالانی ١٩٥٨- ١٩٧٥ دەگرێتەوە، دەبینین هەمان بیرکردنەوەی بەرژەوەندیخوازیی حزبیانە کۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان کەرت دەکات، لەمەش خراپتر ئەم بیرکردنەوەیە خۆی دەبێتە وتەبێژی داگیرکەرانی کوردستان و لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەتێك کە خۆیان ناویان لێنابوو (پێشکەوتنخواز) هەرچی ناشیرینە بە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی دەکەن، بەڵام دیسان لە قۆناخی سێیەمدا ئەوەی قۆناخی دووەم دووبارە نابێتەوە، بەڵکو هەڵە و تاوانی خراپتر لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دروست دەکاتەوە و، بە حیساب لە دوای ساڵی ١٩٧٥-١٩٩١ قۆناخی فرەحزبی و خەباتی بەرەیی حزبەکانی کوردستانە، بەڵام بە کردەیی دەبێتە قۆناخی شەڕی براکوژی و یەکتری سڕینەوە، لەمەش زیاتر پاوانکردنی ناوچەکانی کوردستان و دووبارە زیندووکردنەوەی ناوچەگەری، لە قۆناخی چوارەمیشدا کە قۆناخی دوای راپەڕین و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانە، دەبینین بیرکردنەوەی بەرژەوەندخوازیی حزبی ئەمجارەیان دەگاتە ئەوەی هەڵە و تاوانێکی ئەوتۆ بکات، کە نەوەکانی ئێستا و داهاتووش بەدەستیەوە بناڵێنن، لە ساڵی ١٩٩٢ خەڵکی کوردستان بەو هێوایەوە رووی کردە سندوقەکانی دەنگدان، بۆ ئەوەی قۆناخێکی نوێ لە ئامانجە گەورەکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان نزیك ببێتەوە، بەڵام بیرکردنەوەی بەرژەوەندخوازیی حزبییانە، ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە پیرۆزەی خستە دووڕیانی ئەوەی یان دەبێت (کەس دۆراو نەبێت و کەس براوە نەبێت) یان ئەوەتە (دووبارە شەڕی ناوخۆ دەست پێدەکاتەوە)، لەوانەیە لە ترسی روونەدانی شەڕی ناوخۆ ئەزموونی (پەنجا بە پەنجا) بە باشتر زانرابێت، بەڵام (پەنجا بە پەنجا) شەڕێکی ناوخۆی خوێناویتری دروستکرد و سەرەنجامیش کوردستانی بۆ هەر دوو ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) دابەشکرد. هەر لەم قۆناخەدا لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەی بەرژەوەندخوازیی حزبی لە گەشەی بەردەوامدا بوو، لەگەڵ ئەوەی پارتی و یەکێتی رێککەوتنی ستراتیژییان لە نێوان خۆیان ئیمزا کردبوو، بۆیە دەبینین باڵێك لە ناو یەکێتی جیا دەبێتەوە و کۆمپانیای وشە دادەمەزرێنێت و پاشان ئەم کۆمپانیا خۆی دەکاتە بزووتنەوەیەکی سیاسی بە ناوی (بزوتنەوەی گۆڕان)، ئەم بزووتنەوەیە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٧ تەنیا یەك ئامانجی هەبووە، ئەویش ئەوە بووە کە دەسەڵات و سیستمی سیاسیی کوردستان ناشیرین بکات و تێکی بشکێنێت، ئەمەشی نەك نەشاردۆتەوە، بەڵکو ئەندام و هەڵسووڕاوەکانیان شانازیشی پێوە دەکەن، هەر بۆیە گەشەی بیرکردنەوەی بەرژەوەندیی حزبی، بە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی و جیاوازیی ناوی حزبە سیاسییەکانەوە، لەناو ئەم ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەدا گەیشتە ئەوەی کە بەهاکانی (نیشتمان، ئازادی، سەربەخۆیی) لەناو بەها بەرزەکانی خۆی بێنێتە دەرێ و لەناو پانتایەکی بێ مانادا پێناسەیان بکاتەوە، ئەمەش وابکات ژینگەی سیاسی ببێتە ئەو ژینگەیەی کە خیانەتکردن لە (نیشتمان و ئازادی و سەربەخۆیی) وەك دەستکەوتێکی حزبی سەیر بکرێت و شانازی پێوە بکەن.

لە مێژووی نەتەوەکانی جیهاندا، گەلێك نەتەوە لە قۆناخی رزگاریی نیشتمانیدا دوچاری ئەوە بوون کە بزاڤە رزگاریخوازییەکەیان هاوکات لەگەڵ بەرهەمهێنانی تاکی ئازادیخواز، کۆیلە و جاشیشی بەرهەم هێناوە، بەڵام ئەو نەتەوانەی بۆ راستکردنەوەی ئامانجە گەورەکەی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەیان بوێرانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ مێژووی خۆیان کردووە و لە ریشەوە هەڵەکانی مێژووی خۆیان راست کردووەتەوە، ئەوا توانیویانە مێژووی خۆیان لە مەعریفەی بەرژەوەندخوازیی حزبی پاك بکەنەوە و ئایندەیەکی رۆشن بۆ نەتەوەکەیان دەست پێ بکەنەوە، بەڵام هەر نەتەوەیەك نەیتوانیبێت بە راستگۆیی لێپرسینەوە لەگەڵ مێژووی خۆی بکات و چاپۆشی لە هەڵەکانی ناو مێژووی خۆی کردبێت، ئەوا ئایندەی ئەو نەتەوەیە هەر بەرەو هەڵدێر چووە و تاکەکانیشی شەرمیان لەوە نەکردووە کە شانازی بە کۆیلایەتی و پاشکۆبوونی داگیرکەرانیان بکەن، هەروەك چۆن ئێستا لە کوردستان خەڵکانێکی بەرچاو هەن کە زۆر بە شانازییەوە مکیاژی جاشایەتی و پاشکۆبوون بۆ داگیرکەرانی کوردستان دەکەن.

**هەر نەتەوەیەک نەیتوانیبێت بە راستگۆیی لێپرسینەوە لەگەڵ مێژووی خۆی بکات و چاپۆشی لە هەڵەکانی ناو مێژووی خۆی کردبێت، ئەوا ئایندەی ئەو نەتەوەیە هەر بەرەو هەڵدێر چووە و تاکەکانیشی شەرمیان لەوە نەکردووە کە شانازی بە کۆیلایەتی و پاشکۆبوونی داگیرکەرانیان بکەن**

**ئەو نەتەوانەی بۆ راستکردنەوەی ئامانجە گەورەکەی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەیان بوێرانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ مێژووی خۆیان کردووە و لە ریشەوە هەڵەکانی مێژووی خۆیان راست کردووەتەوە، ئەوا توانیویانە مێژووی خۆیان لە مەعریفەی بەرژەوەندخوازیی حزبی پاك بکەنەوە و ئایندەیەکی رۆشن بۆ نەتەوەکەیان دەست پێ بکەنەوە**

# ئایدیۆلۆجیاکان و پیشەسازیی وەهم

خوێندنەوەی ڕەوڕەوەی تیۆری و پڕاکتیکی زۆرینەی ئایدیۆلۆجیاکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە کارکردنی سەرەکییان لەسەر بنەمای پیشەسازیی وەهم بووە بۆ گەلان.

ئایدیۆلۆجیای سەرمایەداری کە مەبەستی خۆشگوزەرانیی مرۆڤ بوو لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەنجامەکەی ئەوەیە کە دەبێت هەردەم لەکاردابێت بە پێچەوانەی سەقفی ژیان لەئاستێکدا ڕادەوەستێت. لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکرێت کە لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا و سیستەمەکانی کە پەیڕەوی ئەو ئایدیۆلۆژیایە دەکەن، مرۆڤ بەرەو جۆرێك لە خۆشگوزەرانی دەبەن، بەڵام ماوە ماوە قەیرانی قووڵ دێنە کایەوە و لەناکاو کۆمەڵگەکانیان دەهەژێنێن.

لە ئایدیۆلۆجیای سۆسیالیزم کە مەبەستی نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی بوو، چینی کرێکاران سەرکردایەتیی ڕەوڕەوەی کۆمەڵگە دەکەن بە تاك حزبی پیشەنگی کرێکاران، ئەنجامەکەی ئەوە بوو هەر کرێکاران یاخی بوون و لەنێو ئەم سیستەمەدا تەقینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پەیدا بوو و هەرەسی هێنا. ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی کە پیشاندەدات ژیانی ئێستا دۆزەخە و داهاتوو بەهەشتە و پڕە لە ئاوی کەوسەر و (٧٢) حۆری، ئەنجامەکەی لەو وڵاتانەی پەیڕەوی ئەم ئایدیۆلۆجیایە دەکەن، تاریکیان پێوە دیارە، جگە لە نارِوونی و تەمومژاوی دوارِۆژ.

ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی وای بۆ دەچوو کەپارچەپارچەی نەتەوەکان تەنیا بە یەکگرتن و سەربەخۆیی دەگەنە ئامانجەکانیان، بەڵام دەرکەوت سەربەخۆیی زۆر لە وڵاتان بۆیان وەك دۆزەخ وایە.

لە ئایدیۆلۆجیای نیشتمانی و دیموکراسی لەسەر بنەمای پڕۆژەی هاووڵاتی بوون، وا دەرکەوت کە ئەستەمە هەموو هاووڵاتیانی بە جیاوازی نەتەوە و ڕەگەز و پێکهاتەوە بە یەك چاو سەیر بکرێن.

ئایدیۆلۆجیای مەزهەبگەرایی ئەوەی سەلماند کە تەنیا بەتوندوتیژی و ڕق و کینە چارەسەری کێشەکان دەکەن.

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیایانە لەسەر بنەمای پیشەسازی و دروستکردنی وەهم کاردەکەن، بۆیە ئەنجامەکانیان جۆرێك لە دۆزەخ بوو بۆ گەلەکانیان.

لەمیانەی ئەم بابەتە دەرکەوت کە جۆرە تەوژمێکی دیکە هاتۆتە ئاراوە کە پەیوەستە بە پۆپۆلیستی و کارکردن لەسەر ژیان و بژێوی ڕۆژانە و بووەتە پێوەری سەرکەوتن، بەڵام ئەمەش بابەتێکی کاتییە، چونکە دوورمەودا و ستراتیجی نییە.

پێویستە پرسیاری ئەوە بکرێت کە ئایا کامەیان بەرپرسیارە، لایەنی تیۆریی ئایدیۆلۆجیا؟ یان لایەنی پڕاکتیکی ئایدیۆلۆجیاکە؟ لە وەڵامدا دەڵێین تیۆرییەکان زۆر جار دووربوون لەواقع، بۆیە پڕاکتیکییەکان تووشی هەرەس بوون.

ئەوەی زۆرگرنگە بەرامبەر ئەم ئایدیۆلۆژیایانە ڕۆڵی لاوان و ئافرەتان و دەستەبژێری فکرییە لە ڕوونکردنەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیایانە، بۆیە تەنانەت بۆ شەقام، خۆپیشاندان، هەندێ جار ئەجندای دەرەکی ڕۆڵ دەبینێ لەم مەسەلەیەدا، ئەوە سەرباری ئەجندای ناوخۆییش.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵەی سەرەوە دەبێت زەنگی مەترسی لێ بدرێت و لەم بوارەوە دەبێت وریایی هەبێت لەکێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەلان، جیهانێکی پر لە ئاسوودەیی وەك ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا. و جیهانێکی پڕ لە هەژاری و چەوساندنەوە وەك گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی زۆر بێ هێز و لاواز بووە و تەنانەت پێویستی بە چاکسازی و پێداچوونەوە بە میساقەکەیدا هەیە. یەکێتیی ئەورووپا

**سەرکردەی دێرین (جمال عبدالناصر) بە کۆتا سەرکردەی عەرەب دادەنرێت، ئێمەش مسعود بارزانی بە تاکە سەرکردە دەبینین لە درێژەپێدان بە ڕێبازی بارزانیی نەمر و بەرگریکردن لەمافەکانی گەلی کورد بە ڕەچاوکردنی ئەزموونی زیاتر لە (٥٠) ساڵ خەبات بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەی**

**ئەزموون ئەوەی سەلماندووە هەر دەوڵەتیک پەنا بۆ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ببات، قەرزار دەبێت و تەنانەت سووی قەرزەکەی (فائیدەی قەرزەکە)ی زیاتر دەبێت لە قەرزەکە**



## د.نەژدەت ئاکرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

کە نموونەی وڵاتە دەوڵەمەندەکانە و بەپێی ئەجندای تایبەتی خۆی کاردەکات. کۆمپانیا نێودەوڵەتییە فرەڕەگەزەکان زاڵن بەسەر ئابووریی جیهان و تەنانەت مژینی خوێنی گەلان، بەتایبەتی ئەو گەلانەی خاوەن سەرچاوەی سرووشتیین، چونکە دەرکەوت بە ڕێژەیەکی کەم سوود وەردەگرن لەو سەرچاوانە، تەنانەت زۆریان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەم چەوساندنەوەیەش بە هەماهەنگی ئەم کۆمپانیایانە لەگەڵ سەرکردە لۆکاڵییەکانی ئەم گەلانە ئەنجام دەدرێت.

بۆیە لە دەرەنجامدا دەتوانین بڵێین ئێستا جیهان لە ژێر کۆنترۆڵی پیشەسازیی وەهمدایە و هیچ شتێك جێگیر نییە و ژیان ڕێژەییە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە.

لە جیهانی ئەمڕۆدا پیشەسازیی وەهم کار بۆ ئەوە دەکات کە تەنیا هەڵبژاردنەکان پێوەری ڕاستەقینەی سیاسین بۆ حوکمڕانی، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە هەڵبژاردنەکان سێ جۆری هەیە:- هەڵبژاردنی دیموکراسی، هەڵبژاردنی نادیموکراسی، هەڵبژاردن بەبێ دیموکراسییەکان. بۆیە دەبێت بەدوای زۆر لە ئەلتەرناتیڤی تر بگەڕێین.

جیهانی ئەمڕۆ بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە کێشەی ئابووری و سیاسییان هەیە لە هەڵە و وەهمێکی گەورەدا دەژین لە پەنابردنیان بۆ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، چونکە لەڕاستیدا مەرجەکانی ئەم سندوقە وادەکات دەوڵەت لە ئەرکی یاسایی و دەستووری خۆی لابدات و تا دەگات بەدەستبەرداربوون لەئەرکە مۆڕاڵی (ئەخلاقی)یەکەشی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی پشتگیری نەکردنی کەمدەرامەتەکان و دانەمەزراندن و سەرلەنوێ بەهەیکەلیەتکردنی. تەنانەت قەرزەکانی ئەم سندوقە، دەوڵەتەکان دەکاتە دیل و گیرۆدەی بۆچوون و مەرجەکانی خۆی. ئەزموون ئەوەی سەلماندووە هەر دەوڵەتیك پەنا بۆ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ببات، قەرزار دەبێت و تەنانەت سووی قەرزەکەی (فائیدەی قەرزەکە)ی زیاتر دەبێت لە قەرزەکە.

ئەگەر باس لە ئێمەی کورد بکەین، (کەمالیزم و ئێرانیزم و ناسیۆنالیستی عەرەبی) نەیانتوانیوە گەلی کورد لەناو ببەن، بەڵکو ڕۆحی مقاوەمەت لەنێو ئەم گەلە ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتر دەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە شۆڤینییەکانی (ئایدیۆلۆجیای ئەنتی کورد) کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ داوە، کە لەوەهمێکی گەورەدا دەژیان دەربارەی نەتەوەی کورد. خوێندنەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕۆحی مقاوەمەت لە باکووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان پێویست بەوە دەکات کە جارێکی دی بە شێوازێکی دیکە ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان بخوێنینەوە.

ڕێبەرایەتیی مسعود بارزانی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد گرنگ و بەردەوامە و وەك سەرکردەی دێرین (جەمال عەبدولناصر) دەخوێندرێتەوە کە بە کۆتا سەرکردەی عەرەب دادەنرێت، ئێمەش مسعود بارزانی بە تاکە سەرکردە دەبینین لەدرێژەپێدان بە ڕێبازی بارزانیی نەمر و بەرگریکردن لەمافەکانی گەلی کورد بە ڕەچاوکردنی ئەزموونی زیاتر لە (٥٠) ساڵ خەبات بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەی. پرسیاریش لەوەدایە ئایا هیچ ئەلتەرناتیڤیکی تر هەیە؟ بە ڕای ئێمە قۆناغەکەمان پێویستی بەو سەرکردەیە هەیە، چونکە خاوەن سەنگێکی گەورەیە لە سەرکردایەتیی دۆزی کورد.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی سەرەوە بە گرنگی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە بڕیاری ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان ئەگەر هەموو شتێك بوویێت، وەهم نەبووە، بەڵکو وەڵامدانەوەی واقعێکی تاڵ بوو لە وڵاتێکی پڕ لەگێژاوی بەناو عێراق و ناوچەیەکی تاڵتر کە پێی دەڵێن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**کۆمپانیا نێودەوڵەتییە فرەڕەگەزەکان زاڵن بەسەر ئابووریی جیهان و تەنانەت مژینی خوێنی گەلان، بەتایبەتی ئەو گەلانەی خاوەن سەرچاوەی سرووشتیین**

**بڕیاری ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان ئەگەر هەموو شتێك بوویێت، وەهم نەبووە، بەڵکو وەڵامدانەوەی واقعێکی تاڵ بوو لە وڵاتێکی پڕ لەگێژاوی بەناو عێراق و ناوچەیەکی تاڵتر کە پێی دەڵێن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

د.عیرفان نەقشبەندی

تایبەتمەند لە زانستە ئیسلامییەکان و مامۆستای زانکۆی سلێمانی بۆ گوڵان:

# ئەرکی سەرشانی مامۆستایانی ئایینییە کە ببنە هەوێنی یەکڕیزی و پێکەوەژیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**مەلایەک بتوانێت درێژترین شۆڕشی کورد بەڕێوەبەرێت و قازییەک بتوانێت کۆمار دروست بکات و شێخێک بتوانێت ببێتە مەلیک، ئەدی چۆن زانایەکی ئایینی ناتوانێت لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا رۆڵ و دەسەڵاتی هەبێت؟**

*** ئێستا میللەتەکەمان لە قۆناغێکی هەستیاردایە، کەچی حزبە کوردستانییەکان هەریەکەو لەلایەک گوتاری بۆ دۆخەکە هەیە، ئایا لەم بێسەروبەرییەی ئێستادا چارەنووسی ئەم میللەتە بەکوێ دەڕوات؟**

- بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. دیارە یەکێك لەخاڵە لاوازەکانی میللەتی کورد لە مێژوودا تا ئێستا ئەوەیە لە ناوخۆیدا یەکگرتوو نییە، یەکێك لە ئافاتەکانی میللەتی کورد کە لە مێژوودا دەیخوێنینەوە، ئەوەیە کە هەر کاتێك کورد گەیشتبێتە قۆناغی ئارامی و لە سەربەخۆیی و بوون بە خاوەن دەوڵەت و بەدەستهێنانی مافەکانی نزیك بووبێتەوە و گەیشتبێتە لووتکە، کەسانێك لێی جیابوونەتەوەو دژایەتی و بەرهەڵستییان کردووە، ئەمە هۆکاری شکست و بەرەو دواوەگەڕانەوەی میللەتی کورد بووە، هەتا میللەتی کورد یەکگوتار و یەکگرتوو بێت، دوژمنەکانی سڵی لێدەکەنەوە و جورئەت ناکەن پلانەکانیان لەدژی کورد دابڕێژن و ناتوانن جێبەجێی بکەن، هەر کاتێك میللەتی کورد یەکگرتوو بووبێت، هەموو دنیا شەرمی لێکردووە، چونکە میللەتێکین رابردوومان دیارە و هەر کاتێك ناچار بووە شەڕ بکات، کەس نەبووە لەبەردەمیدا خۆی بگرێت، کاتێکیش ویستبێتی ئاشتی بکات، ئاشتیی راستەقینەی کردووە. لەم سەردەمەی ئێستاشدا کە جارێکی دی دەیەوێت لە حکومەتی نوێی عێراقدا بەشدار بێت، ئەگەر لایەنە کوردستانییەکان واز لەم دووبەرەکی و ساردییەی نێوانیان بهێنن و یەکگرتوو بن لەناوخۆیاندا و دەستنیشانی براگەورەیەك بکەن کە ئەم براگەورەیە رابردوویەکی دوورو درێژی هەبێت و لە جیهاندا حیسابی بۆ بکرێت و خەڵکی رێزی لێبگرن و قسەکانی سەنگی مەحەکی هەموو شتەکان بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە میللەتی کورد بە هەموو ئامانجەکانی خۆی دەگات، بەڵام بەپێچەوانەوە بە پەرتەوازەیی و وەکو ئێستا هەرکەسە بۆ خۆی و یەك دوو کورسی هەبێت، ئیتر وابزانێت هەموو شتێکی تەواو کردووە، ئەوە زیانێکی گەورەی زۆری لێدەکەین، هەربۆیە ئومێدەوارین میللەتی کورد یەکگرتوو بێت لەناوخۆیدا تا بە هەموو ئامانجەکانی خۆی بگات.

*** ئاشکرایە بۆ ئەوەی یەکڕیزی ببێتە ئامانجی هەموو لایەك، ئەوا دەبێت هەموو پێکەوە شانی بدەینە بەر بەگشتی و مامۆستایانی ئایینی بە شێوەیەکی تایبەتی، ئایا بۆ ئەم ئەرکە**



**پەرتەوازەیی و بێسەروبەری و یەکنەگرتنی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئاکامەکانی ئەم دۆخە نالەبارە لەسەر چارەنووسی نەتەوەیی کورد، هەروەها رۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە پرسی یەکڕیزی و یەکخستنی ناوماڵی کورد و چەندین تەوەر و پرسی دیکەی هەنووکەیی، ناوەرۆکی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ د.عیرفان نەقشبەندی تایبەتمەند لە زانستە ئیسلامییەکان و مامۆستای زانکۆی سلێمانی پێکدەهێنن.**

**نیشتمانییە دەبێت مامۆستایانی ئایینی چۆن هەنگاو هەڵبگرن؟**

- پرسی یەکگرتوویی و یەکڕیزی بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری پێداویستییەکی زۆر گرنگە و ئەمەش ئەرکێکی پیرۆزە و دەکەوێتە سەرشانی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە و بەتایبەتیش زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زانایانی ئایینی ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگەن کە رۆڵێکی گەورە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکەوەژیان و لێکنزیکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان دەگێڕن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیامە پیرۆزەی قورئان کە واجبی هەر موسڵمانێکی کردووە و لەم رووەوە دەفەرموێت: (واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا..) واتا ئێوە هەمووتان دەست بگرن بەدەستبەندە گەورەکەی خوای پەروەردگار کە کەلیمەی یەکتاپەرستییە و پەرتەوازە مەبن لەناو یەکتردا، چونکە پەرتەوازەبوون هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی ئەو بناغەیەی کە چەندین ساڵە کورد دایناوە و دڵسۆزان دایانڕشتووە، ئەو ئامانجەشی هەموو بیربۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، تەنیا بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی بۆیان دێتەدی، بۆیە لەم پرسەدا ئەرکی سەرشانی مامۆستایانی ئایینییە کە ببنە هەوێنی ئەو یەکڕیزی و پێکەوەژیانەی کە بۆ ئامانجە گەورەکەی نەتەوەکەمان پێویستە، ئەویش سەربەخۆیی کوردستان و سەرفرازیی هاونیشتمانییانە.

**هەتا میللەتی کورد یەکگوتار و یەکگرتوو بێت، دوژمنەکانی سڵی لێدەکەنەوە و جورئەت ناکەن پلانەکانیان لەدژی کورد دابڕێژن و ناتوانن جێبەجێی بکەن**

*** سلێمانی شاری مەولانا خالید نەقشبەندی و کاک ئەحمەدی شێخ و مەڵبەندی عیلم و عیرفان بووە، تەنانەت لە بنەڕەتدا ئەم شارە زانایانی ئیسلام دروستیان کردووە، ئایا هۆکاری ئەوە چییە ئێستا لەم شارەدا سیمای عیلم و عیرفان و مەعریفە کاڵ بۆتەوەو خەریکە گوتارێکی زبر جێگەی دەگرێتەوە؟**

- دەبێت ئەو بەڕێزانەی کاروباری ئەم شارە بەڕێوە دەبەن، بیر لەوە بکەنەوە رێز بۆ ئەو کەسایەتییانە دابنێنن کە بونیادنەری ئەم شارە بوون، ئەگەر ئێمە تەماشای رابردووی خۆمان بکەین، بەدڵنیاییەوە دەزانین لەگەڵ دروستبوونی ئەم شارە زانایەکی گەورەی وەکو شێخ مەعروفی نۆدەیی رۆڵێکی گەورەی تێدا بینیوە و مەڵبەندی خواپەرستی و خوێندن و شیعرو ئەدەبیات، مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە، لەبەرامبەریشدا پاش چەند ساڵێك زانایەکی دیکەی گەورە دەرکەوتووە کە ئەویش مەولانا

خالیدی نەقشبەندی بووە، لەسەردەمی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا شاعیری وەکو نالی و کوردی و سالم کۆبوونەتەوە، بۆیە ئەم زانا گەورانە رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لەبەرەوپێشچوونی کاروانی ئەدەب و هونەر لەم شارەدا، جێگای خۆیەتی لە هەموو کاتێکدا یادیان بکرێتەوە، لە ساڵیادی دامەزراندنی شاری سلێمانیدا رۆڵی زانایانی ئایینی بەرزبنرخێنرێن، لەو خەڵاتانەی کەوا لەم شارەدا دەکرێت، خەڵاتی ئەو زانا گەورانە بکرێت، هەر کاتێکیش رێز لەم زانا گەورانەی خۆمان بگرین، ئەوا جارێکی دیکە سلێمانی دەبێتەوە مەڵبەندی عیلم و عیرفان و مەعریفە.

*** کاتێك لە سەردەمی میرنشینیی بابان لە سلێمانی یەکریزی تێکچوو، مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەڵوێستیان دەربڕی، بەتایبەتی وەك زانا و شاعیری گەورە (نالی)، کەچی ئێستا لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە لەناو مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەم هەڵوێستە نابینرێت، ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟**

- پێش هەموو شت دەبێت هەوڵ بدرێت رێزی زانایانی ئیسلام رێکبخرێت و رۆڵیان پێ بدرێتەوە و ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانیانە و جێبەجێی دەکەن، بەرزبنرخێنرێت و، وەك زانایەك و پیاوێکی سیاسەتمەدار و هەموو ئەو زانا گەورانەی لە رابردوودا شۆڕشگێڕ بوون و سیاسەتمەدار و پێشمەرگە و شاعیر بوون، حیسابیان بۆ بکرێت و رۆڵیان پێ بدرێت، بەدڵنیاییەوە ئەوان دەتوانن رۆڵی خۆیان باشتر ببینن، بەڵام ئەگەر زانایەکی ئایینی رۆڵی پێ نەدرێت، ئەوا ئەو زانایە بەرەو پووکانەوە دەچێت و واهەست دەکات زیادەیە لەناو کۆمەڵگەدا و هیچ رۆڵێکی نییە، بۆیە کەس لێی ناپرسێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر هاتوو دڵسۆزانە ئاوڕی لێبدرێتەوە و رۆڵی بەرزبنرخێنرێت و هاوکاریی بکەن، رۆڵی گەورەی دەبێت.

*** هەندێك کەس دەڵێن ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆتە کەرەستەیەك بۆ بیدعەی سیاسی، ئەمەش وایکردووە سۆفیگەریی و تێگەیشتنی کوردانە بۆ ئیسلام بشاردرێتەوە، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی بازرگانێتی بە ئایین نەکرێت؟**

- هەروەکو ئاماژەم پێدا، هەر کاتێك رۆڵ بە زانایانی ئایینی و مزگەوت درایەوە و ئەوەی زانایان داوای دەکەن، جێبەجێ کرا، بەدڵنیاییەوە کەسانێکی دیکە ناتوانن ببنە بەدیلی مامۆستا، یان زانایەکی ئایینی، بەڵام کاتێك زانای ئایینی لە رووی راگەیاندنەوە پەراوێز خراوە و کەس حیسابی بۆ ناکات، ئەوە بە دڵنیاییەوە کەسانی دیکە هەن کە ئەو رۆڵە دەبینن، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەسەڵاتی مادییان هەیە، ئەو کات ئەوان ئەو پەیامە ئاراستە دەکەن. بۆیە تاوەکو زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە رووی راگەیاندن و خزمەتەکانی ترەوە پێداویستییەکانی بۆ فەراهەم نەکرێت، ئەوە رۆڵی زانایانی ئایینی بەرەو پووکانەوە دەچێت و رۆڵی کەسانی دیکە بەرەوپێش دەچێت. ئێمە پێمان سەیرە تاوەکو ئێستاش دەسەڵاتی باڵا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زانایەکی ئایینی دەستنیشان نەکردووە وەکو راوێژکارێکی ئایینی پرسی پێ بکرێت، هەموو ئەو هۆکارانە وایانکردووە کە زانایانی ئایینی بەرەو دواوە بڕۆن و کەسانی دیکە بەرەو پێشەوە بچن.

*** جیاوازیی نێوان موسڵمان و ئیسلام چییە؟ بۆچی کەسانێك پەیدابوون بەناوی ئاینەوە دەیانەوێت ببنە ئیسلامی؟ ئایا میللەتی کورد موسڵمان نییە؟**

-میللەتی کورد لە ساڵی ١٦ی کۆچییەوە بە خواستی خۆی موسڵمان بووە و هیچ کەسێك بۆی نییە ئەمڕۆ بێتە پێشەوەو بڵێت من میللەتی کورد موسڵمان دەکەم، میللەتی کورد خۆی موسڵمانە و هەڵگری ئەو پەیامە پیرۆزە جوانەیە کە سەدان ساڵە باوك و باپیرانمان دەستیان پێوەگرتووە و شانازی پێوە دەکەن و لە هەموو باروودۆخە ناهەموارەکاندا کە بە سەر میللەتی کورد هاتووە، هەر لە شاڵاوی بەدناوی ئەنفال و لە سێدارەدان و کیمیابارانەوە تاوەکو راوەدوونان و ئاوارەبوون و داماوی و رووخانی هەزاران گوندی کوردستان، بەڵام هەرگیز میللەتی کورد دانەبڕاوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەڵکو بەردەوام بووە لە خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەوەی ناوێکی تر لەخۆی دەنێت، ئەوە چوارچێوەیەکی دیکەیە وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بەوەی خۆی لەناخیدا جێگای کردۆتەوە. بەشێوەیەکی گشتی میللەتی کورد میللەتێکی

**ئەگەر لایەنە کوردستانییەکان واز لەم دووبەرەکی و ساردییەی نێوانیان بهێنن و یەکگرتوو بن لەناوخۆیاندا و دەستنیشانی براگەورەیەک بکەن کە ئەم براگەورەیە رابردوویەکی دوورو درێژی هەبێت و لەجیهاندا حیسابی بۆ بکرێت و خەڵکی رێزی لێبگرن و قسەکانی سەنگی مەحەکی هەموو شتەکان بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە میللەتی کورد بە هەموو ئامانجەکانی خۆی دەگات**

**زانایانی ئایینی ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگەن کە رۆڵێکی گەورە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکەوەژیان و لێکنزیکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان دەگێڕن**

**ئەگەر زانایەکی ئایینی رۆڵی پێ نەدرێت، ئەوا ئەو زانایە بەرەو پووکانەوە دەچێت و واهەست دەکات زیادەیە لەناو کۆمەڵگەدا و هیچ رۆڵێکی نییە، بۆیە کەس لێی ناپرسێتەوە**

موسڵمانە و میللەتێکی دیندارە و پێویستی بە هیچ کەسێك نییە لە دەرەوەی وڵات بێت و باسی دینداری بۆ بکات.

*** بۆچی میللەتی کورد نەیتوانیوە وەکو گەلانی تری ناوچەکە بەتایبەتی عەرەب و فارس و تورك بۆ پاراستنی کیان و سەربەخۆیی خۆی و گەیشتن بە دەوڵەت سوود لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەربگرێت؟**

- ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەمپەڕێك لە نێوان دەسەڵاتدارانی کورد و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوونی هەیە. ئەگەر سیاسەتمەدارانی ئێمە بە جۆرێکی دی بیر لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەنەوە، ئەوە دەیانتوانی ئەو ئایینە لە قازانجی سەربەخۆیی و سەروەریی میللەتی کورددا بەکاربهێنن، جاری واهەیە دەسەڵاتی کوردی وادەزانێت ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە تەنیا موڵکی عەرەبە، نەخێر، بە پێچەوانەوە، میللەتی کورد دەیتوانی پێشتریش بیری لەوە بکردایەتەوە وەکو فارس و تورك و عەرەب ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکو ئەو ئایینەی کە قبووڵی بووە، سوودی لێوەربگرتایە و بۆ دەوڵەت و خاك و نیشتمانەکەی و خزمەتی تاکەکەی بەکاری بهێنایە، هەر بۆیە کاتێك نەمانتوانیبێت ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ دەوڵەتبوون سوودی لێوەربگرین، هۆکاری یەکەمی بۆ سیاسەتمەدارەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەو بەربەستەش دەگەڕێتەوە کە لە نێوان زانایان و سیاسەتمەداران هەیە، بەداخیشەوە دەسەڵاتدارانی کورد نەیانتوانیوە ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە هەڵبگرن و ئەو دیوارە برووخێنن و پێکەوە دابنیشن و بەرنامەیەك بۆ وڵات دابنێن.

*** باسی ئەو بەربەست و ئاستەنگەت کرد کە لەنێوان سیاسەتمەدار و زانایانی ئیسلامی هەیە، هەست بەوە ناکەیت لەوەتەی مامۆستایانی ئایینی پەراوێز خراون، یاخود تێکەڵ نابن، شپرزەیی هەیە، هەر بۆ نموونە لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی مامۆستایانی ئایینی ئیعتیباراتی شۆڕشەکەیان راگرتبوو، کەچی ئێستا خاوەنی گوتاری خۆیان نین و ناتوانن دژی تەفرەقە و فیتنە و خیانەت بنەوە؟**

- ئەو کاتە سەرکردەکانی بزافی رزگاریخوازیی کوردستان خۆیان دەرچووی حوجرەکان بوون، زانایەکی ئایینی وەکو قازی محەمەد کە دەبێتە سەرۆکی کۆماری کوردستان ئەهلی مزگەوت بووە، تەنانەت لەگەرمەی راگەیاندنی کۆمارەکەیدا لە مزگەوتەوە رۆیشتووە و رایگەیاندووە، مەلا مستەفای بارزانی رابەرایەتیی گەورەترین شۆڕشی گەلی کوردی کردووە، بۆ ماوەی زیاتر لە١٤ ساڵ، مەلا مستەفا بارزانی دەرچووی حوجرەکانی مزگەوتەکانی کوردستان بووە و لەوێ خوێندوویەتی و مامۆستاکانی ئاشکران و هاوڕێکانی ئەو کاتەی دیار و بەرچاون، هەروەها شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی باکوور و شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی هەموویان زانیویانە کە بەڵێ زانای ئایینی پێویستە رۆڵ ببینێت، چونکە مەلایەك بتوانێت درێژترین شۆڕشی کورد بەڕێوەبەرێت و قازییەك بتوانێت کۆمار دروست بکات و شێخێك بتوانێت ببێتە مەلیك، ئەدی چۆن زانایەکی ئایینی ناتوانێت لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا رۆڵ و دەسەڵاتی هەبێت؟ ئەوان درکیان بەو راستییە کردووە، بۆیە توانیویانە بەعەقڵ و سەلیقە و خەباتی خۆیان و هەموو پێکهاتەکانی جەماوەر پێکەوە گرێ بدەنەوە، ئەوەندە رۆشنبیر بوون، زانیویانە ناکرێت توێژێکی گرنگی وەکو زانایانی ئایینی بەلاوە بنێن و تەنیا وەکو دیکۆرێك نیشانی خەڵك و جەماوەری بدەن. بێگومان سەرکردەکانی پێشوو ئەو راستییەیان دەزانی، لە کاتێکدا جێگای داخە بەشێکی هەرە زۆری سەرکردەکانی ئێستا رۆڵی مامۆستایانی ئایینی بە زیاد دەزانن، لە ناوەندەکانی بڕیاردان و جێبەجێکردن پرس و بەشدارییان پێ ناکەن، لەمەشدا زیانێکی گەورەمان کردووە، بۆیە پێویستە ئەو هەڵەیە راست بکەینەوە.

*** ئەگەر قسەیەکت مابێت و ئێمە پرسیارمان نەکردبێت، دەتوانن بیڵێن؟**

- ئومێدەوارین کە ئەو نەفەسەی لەناو زانایانی ئایینی هەیە، هەر بەردەوام بێت، ئومێدەوارین ئینشائەڵڵا میللەتی ئێمە بەرەو سەقامگیریی و ئاشتی و سەربەخۆیی بڕوات، لەهەر چین و توێژو لایەنێکیشەوە کەمتەرخەمی هەبێت، کۆتایی پێ بهێنرێت و ئینشائەڵڵا ئایندەیەکی گەش چاوەڕێمان دەکات و بە ئاواتە گەورەکەی خۆمان دەگەین.

**میللەتی کورد لە ساڵی ١٦ی کۆچییەوە بە خواستی خۆی موسڵمان بووە و هیچ کەسێک بۆی نییە ئەمڕۆ بێتە پێشەوەو بڵێت من میللەتی کورد موسڵمان دەکەم**

**میللەتی کورد میللەتێکی موسڵمانە و میللەتێکی دیندارە و پێویستی بە هیچ کەسێک نییە لە دەرەوەی وڵات بێت و باسی دینداری بۆ بکات**

**یەکێک لە ئافاتەکانی میللەتی کورد کە لە مێژوودا دەیخوێنینەوە، ئەوەیە کە هەر کاتێک کورد گەیشتبێتە قۆناغی ئارامی و لە سەربەخۆیی و بوون بە خاوەن دەوڵەت و بەدەستهێنانی مافەکانی نزیک بووبێتەوە و گەیشتبێتە لووتکە، کەسانێک لێی جیابوونەتەوەو دژایەتی و بەرهەڵستییان کردووە**

# پێکهاتەکانی عێراق ئەگەر حکومەتیش پێکبهێنن حوکمڕانییەکی باشیان پێناکرێت



کێشەی دەوڵەتی عێراق هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستا، کێشەی حکومەت نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە بە درێژایی ١٠٠ساڵی رابردوو پرۆسەی حوکمڕانی بەو مانایەی کە گەلانی عێراق لێی رازی بن، بوونی نەبووە، هەر بۆیەشە عێراق قەت نابێتە ئەو دەوڵەتەی پێی بگوترێت، دەوڵەتی یاسا، یان دەوڵەتی هاووڵاتی.



ئەم هەفتەیە دوو مانگی تەواو بە سەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئایاری رابردوو تێدەپەڕێت و، لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی پێشوو ماوەکەی کۆتایی هاتووە و دەرگای پەرلەمان داخراوە، بەڵام تا ئێستا نەك هەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە فەرمی رانەگەیەندراوە، بەڵکو دادگای فیدراڵی ئەو بڕگەی هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی پەسند کردووە، کە ئەو سندوقانەی تانەیان لەسەرە، دووبارە بەدەست هەژمار بکرێنەوە، ئەمەش وایکردووە کە جگە لەوەی کەس نازانێت ئەم پرۆسەی بەدەست ژماردنەوەی دەنگەکان کەی تەواو دەبێت، لە هەمانکاتدا ناشزانرێت کە ئاکامی ئەم بەدەست ژماردنەوەیە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەخاتە ناو چ تەڵەزگەیەکی دیکەوە، کە بەشێك لە چاودێران پێیانوایە ئەم ئاراستەیە عێراق دەخاتە گێژاوێکەوە کە زەحمەتە بە ئاسانی لێی دەربچێت.

لایەنە شیعەکانی عێراق بە جیاوازیی ئەوەی کام لایەن چەند کورسیی هێناوە، هەموویان پێکەوە بە یەکجۆر سەیری پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەن و لەسەر ئەوە هاوڕاو کۆکن کە نابێت دەسەڵاتی حوکمڕانیی لە عێراقدا لەدەستی شیعە بێتەدەرەوە، بەڵام لەناوخۆی خۆیاندا ناکۆکیان لەسەر ئەوەیە کام لایەن پشکی شێری لە پرۆسەکە بەردەکەوێت و سەرۆك وەزیرانی داهاتوو سەر بەکام لایەنی سیاسیی شیعە دەبێت، تا ئێستا لەناو ماڵی شیعە نەتوانراوە ئەم پرسە بەلایەکدا بخرێت، بۆیە هەندێك لایەنی شیعی دەیانەوێت بۆ لاسەنگکردنی باڵانسی لایەنەکانی دیکە بازنەی وتووێژ و دانیشتنەکانیان لە دەرەوەی ماڵی شیعە فراوان بکەن، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئەم فراوانکردنەی هەندێ لایەنی شیعە بۆ دەست بادانی هەندێك لایەنی دیکەی شیعەیە، بەڵام لەسەر حیسابی ئەو بۆچوونە هاوبەشە نییە کە هەموو شیعە پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە نابێت دەسەڵاتی حوکمڕانیی عێراق لەدەستی شیعە بێتەدەرەوە.

دێوجامەی سیاسیی لایەنە شیعەکان بۆ راوکردنی لایەنەکانی دەرەوەی شیعە (کورد و عەرەبی سوننە) دەستووری عێراقە، بەڵام ئەم دەستوورە بە جۆرێك نووسراوەتەوە هەر لایەنێك بەهێز بێت، مادده و بڕگەکانی بەو جۆرە تەفسیر دەکرێن کە بەرژەوەندیی لایەنی بەهێز بپارێزێت، ئەمەش هەروەك چۆن دەستووری عێراق خۆی لە چەند ماددەیەکدا شەرعییەت بە ئەنجامدانی ریفراندۆم دەدات، هەر ئەم دەستوورەش لە چەند ماددەیەکی دیکەدا شەرعییەت بە حکومەت دەدات، بە هەرشێوەیەك بۆی بلوێت یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نە ئەنجامدانی ریفراندۆم پێشێلکردنی دەستوورە و نە دەستووریش پشتگیری لێدەکات، نە بەکارهێنانی هێزیش بۆ داگیرکردنەوەی بەشێکی کوردستان پێشێلکردنی دەستوورە و نە دەستووریش پشتگیری لێ دەکات، راشکاوانەتر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بەکارهێنانی هێز دژی کوردستان بخاتە چوارچێوەی دەستوورەوە، ناوی لێناوە پرۆسەی فەرزکردنی یاسا، ئەمە لە کاتیکدا بەپێی دەستوور نابێت هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان بە کار بهێنرێت.

کەواتە لەسەر ئەم بنەمایە لایەنە شیعەکان ئەوجا هەر لایەنێکیان بێت، کاتێك لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بۆ نموونە (کورد و عەرەبی سوننە) دەیانەوێت بۆ پێکهێنانی حکومەت دانوستاندن بکەن، لەبەر ئەوەی ئەوان ئێستا لایەنی بەهێزن لە پرۆسە سیاسییەکەدا پێش هەر لایەکی دیکە، خۆیان باش دەزانن ئەگەر لەسەر هەموو مافە دەستوورییەکانی لایەنی بەرامبەریش رەزامەندی بکەن، ئەوا سەرەنجام هیچ پابەندبوونێکی دەستووری ناکەوێتە سەریان و ئەگەر بکەوێتە سەرشانیشیان ئەوا بە ئاسانی دەتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن، هەر بۆ نموونە لە دانوستاندنەکانی ساڵی ٢٠١٠ و بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران، لەسەر پێشنیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێککەوتن کرا کە ئەنجومەنێکی باڵای سیاسی دروست بکرێت و سەرۆکەکەی د.ئەیاد عەلاوی بێت، ئەمەش بەو ئامانجە جۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان دەسەڵاتەکاندا بێتەئاراوە، بێگومان وەك هەموو لایەك بینیمان لایەنی شیعە بە کۆی دەنگ رازی بوون لەسەر ئەم پێشنیارە و لە رێککەوتنی

**دێوجامەی سیاسیی لایەنە شیعەکان بۆ راوکردنی لایەنەکانی دەرەوەی شیعە (کورد و عەرەبی سوننە) دەستووری عێراقە، بەڵام ئەم دەستوورە بە جۆرێک نووسراوەتەوە هەر لایەنێک بەهێز بێت، مادده و بڕگەکانی بەو جۆرە تەفسیر دەکرێن کە بەرژەوەندیی لایەنی بەهێز بپارێزێت**

**هەروەک چۆن دەستووری عێراق خۆی لە چەند ماددەیەکدا شەرعییەت بە ئەنجامدانی ریفراندۆم دەدات، هەر ئەم دەستوورەش لە چەند ماددەیەکی دیکەدا شەرعییەت بە حکومەت دەدات، بە هەرشێوەیەک بۆی بلوێت یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت**

**حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بەکارهێنانی هێز دژی کوردستان بخاتە چوارچێوەی دەستوورەوە، ناوی لێناوە پرۆسەی فەرزکردنی یاسا، ئەمە لە کاتیکدا بەپێی دەستوور نابێت هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان بە کار بهێنرێت**

هەولێریشدا ئیمزایان لەسەر کرد، بەڵام لایەنە شیعەکان بە ڕێککەوتنەکە کابینەی دووەمی حکومەتی مالیکیان دروست کرد، دوای ئەوەش کە حکومەت پێکهات، هەموو لایەنە سیاسییەکانی شیعە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەستوور ڕێگە بە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە نادات و ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو ئەنجومەنە هەر دانەمەزرا.

سەبارەت بە بەشداریی لایەنی کوردستانیش لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا، دیارە هەر لەسەرەتاوە پارتی دیموکراتی کوردستان پێشمەرجی ئەوەی داناوە کە دەبێت ڕەچاوی پرەنسیپی (هاوبەشی، پێکەوەسازان و هاوسەنگی) بکرێت، لە ئێستاشدا کە لێکتێگەشتنێکی باش لە نێوان پارتی و یەکێتی هاتۆتەئاراوە و بە یەك پرۆگرام دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەکەن، ئەم پێشمەرجە بووەتە پێشمەرجی شاندی کوردستان بۆ دانوستاندنەکانی داهاتوو، لەمەشدا و سەبارەت بەم پێشمەرجەی لایەنی کوردستانی پێدەچێت هیچ لایەنێکی شیعە کە دێتەپێشەوە بۆ دانوستاندن لەگەڵ ئەم پێشمەرجە هیچ ئیشکالیەتی نەبێت، بەڵام ئەو (هاوبەشی و پێکەوەسازان و هاوسەنگی)یەی لایەنی کوردستانی بە مانای تەواوی خۆی داوای دەکات و دەیەوێت ببێتە بنەمایەکی باش بۆ پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان هەولێر و بەغدادا، لەلایەن لایەنە شیعەکانەوە بەو مانایە وەرناگیرێت و بەو مانای وەردەگیرێت کە خۆیان بۆی دادەنێن، هەر بۆیە زۆر ئاساییە ئەوانیش جەخت لەسەر هەر سێ بنەمای (هاوبەشی و پێکەوەسازان و هاوسەنگی) بکەنەوە، بەڵام بەو جۆرە وەریناگرن کە لایەنی کوردستانی داوای دەکات، هەتا ئەگەر بەو جۆرەش وەریبگرن، ئەوا بەو جۆرە جێبەجێی ناکەن، کە لایەنی کوردستانی مەبەستێتی.

ئەزموونی تاڵی بەشداریی لایەنی کوردستانی لە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە، بریتی نییە لەوەی تاچەند ڕێککەوتنێکی باش لەگەڵ لایەنە شیعەکان ئیمزا دەکرێت، بەڵکو ئەزموونی تاڵی ئێمە ئەوەیە ئەوەی لایەنە شیعەکان پێشتر لە کوردستانەوە ئیمزایان لەسەر دەکرد، لە بەغدا کاری پێناکرێت، ئەوکات کە نفووز و پێگەی لایەنی کوردستانی لە پرۆسەکانی پێکهێنانی حکومەتدا لەوپەڕیدا بوو، ڕێککەوتنەکان وەك ئەوەی ئیمزای لەسەر دەکرا، جێبەجێ نەدەکران، لە ئێستادا کە ناوماڵی کوردستان وەك پێویست سەقامگیریی سیاسی تیدا نییە و هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم داگیرکراون، دەبێت هەر ڕێککەوتنێك بکرێت، چەندی لێ جێبەجێ بکرێت؟

کەواتە شێوازی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی فراوانی نێو لایەنە شیعەکاندا بێت، یاخود چەند لایەنێك ڕێکبکەون و فراکسیۆنێکی گەورە دروست بکەن، بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت و ناتوانین بەو ئاستە گەشبین بین کە حکومەتی داهاتووی عێراق ئەوجا هەر کەسێك سەرۆك وەزیرانی بێت، تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە شێوازی مامەڵە و پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا گۆڕانکارییەکی بەوجۆرەی بەسەردا دێت، کە جێگەی خواست و ئومێدی خەڵکی کوردستان بێت، بەڵام لایەنی کوردستانی ناشتوانێت پرۆسەکە بایکۆت بکات و لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق وەك ئەوەی خۆی هیوای بۆ دەخوازێت، کاروبارەکانی خۆی هەڵبسووڕێنێت، بۆیە دەبێت چاوەڕێ بکات لەم قۆناخەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان ئیدارەی کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا بکات و پارێزگاری بە دەزوویەکی معاویە لە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بکات.

لایەنە شیعەکانی عێراقیش کە ئێستا لەناو خۆیاندا بەو ئاستە کۆك نین کە بتوانن جڵەوگیری کێشەکانی خۆیان بکەن و بە تەواوەتی خۆیان بۆ سەرکوتکردنی (کورد و عەرەبی سوننە) تەرخان بکەن، ئەوانیش پێویستیان بەوەیە لە بری ئەوەی چەند کێشەیەك پێکەوە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئەوا بە شێوەیەکی کاتی بەشێك لە کێشەکانی (کورد و عەرەبی سوننە) بۆ کاتێکی نادیار دوابخەن، یان لانیکەم وەك ئێستا بە هەڵواسراوی بمێننەوە، گرنگە لایەنی کوردستانی هەوڵبدات زیرەکانە

**ئەو (هاوبەشی و پێکەوەسازان و هاوسەنگی)یەی لایەنی کوردستانی بە مانای تەواوی خۆی داوای دەکات و دەیەوێت ببێتە بنەمایەکی باش بۆ پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان هەولێر و بەغدادا، لەلایەن لایەنە شیعەکانەوە بەو مانایە وەرناگیرێت و بەو مانای وەردەگیرێت کە خۆیان بۆی دادەنێن**

**کوردستان گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی هەتا ئێمە بەشێک بین لەم عێراقە، کێشەکانی نێوان کوردستان عێراق بە دیالۆگ و ئیمزاکردنی ڕێککەوتن چارەسەر ناکرێت**

**ئامانجی ئەمریکا ئەوەیە حکومەتێک لە عێراقدا پێکبهێنرێت کە هەموو پێکهاتەکان لەخۆی بگرێت و زۆر لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە نزیک نەبێت، ئەم داوایەی ئەمریکا لەگەڵ خواستی هەریەکە لە تورکیا و سعودیەش وەک دوو دەوڵەتی دراوسێی عێراق یەک دەگرێتەوە**



مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە سیاسییە بکات کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ئێستادا دەستی لایەنەکانی شیعەی عێراقی بەستووەتەوە، کوردستان گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی هەتا ئێمە بەشێك بین لەم عێراقە، کێشەکانی نێوان کوردستان عێراق بە دیالۆگ و ئیمزاکردنی رێککەوتن چارەسەر ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا بێجگە لە دیالۆگ و ئیمزاکردنی رێککەوتن هیچ دەرفەتێکی دیکەیان لە بەردەم کوردستان نەهێشتۆتەوە، بۆیە هیچ چار نییە و دەبێت لەو بوارە کەمەی بۆیان هێشتووینەتەوە گەمەیەکی لێزانانە بکەین.

**● پرۆسەی سیاسیی عێراق لە نێوان ململانێی دەوڵەتانی دراوسێ و سیاسەتی ئیدارەی ترەمپدا**

هەفتەی رابردوو لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی سوننە لە تورکیا کۆبوونەوە و هەر لەوێش جۆرێك لە رێککەوتنیان وەك هاوپەیمانی بۆ بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق راگەیاند، پارتی و یەکێتیش هەر هەفتەی رابردوو رایانگەیاند کە ئەوانیش لەسەر بەرنامەیەك رێککەوتوون کە بە یەك شاند و یەك بەرنامە بەشداریی وتووێژ و دانوستاندنەکانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەکەن، لایەنە شیعەکانیش لەسەر چەند ئاستێك جۆرێك لە هاوپەیمانییان راگەیاندووە، هەر بۆ نموونە هاوپەیمانیی نێوان لیستی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری لەگەڵ لیستی سائیرون بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر، هەروەها هاوپەیمانیی نێوان لیستی نەسر بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی لەگەڵ لیستی سائیرون بە سەرۆکایەتی سەدر، لەبەرامبەر ئەم رێککەوتنەی نێوان نەسر و سائیرون، لیستی فەتحیش هاوپەیمانییەکی لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی راگەیاندووە، بەپێی لێدوانێکی ئەحمەد ئەسەدی وتەبێژی لیستی فەتح، رێککەوتنی دوایی فەتح لەگەڵ دەوڵەتی یاسا وەڵامدانەوەیەك بووە بۆ هاوپەیمانیی نێوان نەسر و سائیرون، ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی فەتح و سائیرون هاوپەیمانیشییان ئیمزاکردووە، بەڵام لیستی فەتح بە شێوەیەك لە شێوەکان ڤیتۆی لەسەر حەیدەر عەبادی هەیە، لەبەرامبەریشدا لیستی سائیرونیش بە ئاشکرا ڤیتۆی لەسەر

**ئەم بێدەنگییەی ئێستای بە بەراورد بە رۆڵ و کاریگەریی ئاشکرای کۆماری ئیسلامی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەکانی پێشووی عێراقدا جێگەی سەرنجە و ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی ئەم پرۆسەیە زۆر دەخایەنێت و جارێ پێویست نەبێت رۆڵی کاریگەری خۆی تێدا بگێرێت**



نـوری مالیکـی و لیسـتەکەی هەیـە.

بەپێی ئـەم ئامادەباشـییەی لایەنەکانی پێکهاتەکانـی عێـراق بێـت، مانـای ئەوەیـە زەمینـە بـۆ دانوسـتاندنەکان دەسـتی پێکـردووە و چوارچێوەی ئـەم دانوستانانەش بۆ دروستکردنی (زۆرینەیەکی نیشتمانی) دەبێت نـەك (زۆرینـەی سیاسـی)، ئەمـەش بـەو مانایـەی هەمـوو پێکهاتـەکان لـە حکومەتـدا بەشدارییان دەبێـت و هەمـوو پێکهاتەکانیـش لـە ئۆپۆزسـیۆن بوونیـان دەبێت. ئـەم بۆچوونانـە کـە دەکرێت بـە بۆچوونی تیـۆری هەتـا ئێسـتا ناوزەدیـان بکەیـن، پێناچێت زۆر بـە ئاسـانی پراکتیـزە بکرێـن، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە لەلایـەك نازانرێـت ئاکامـی بەدەست هەژمارکردنـەوەی دەنگـەکان ئاراسـتەی پرۆسـەی سیاسـی بـەرەو کـوێ دەبـات، هەروەهـا نازانرێـت تاچەنـد لەلایـەن دەوڵەتانـی دراوسـێی عێـراق و ئەمریـکا ئاراسـتەی پرۆسـەکە سـەرەنجام بـەرەو کـوێ دەڕوات.

ئـەوەی تـا ئێسـتا ئەمریـکا بـە راشـکاوی بـە رێگـەی نوێنـەری جێگری سـەرۆکی ئەمریـکا بـە لایەنـەکان و پێکهاتەکانـی راگەیانـدووە، ئامانجی ئەوەیـە حکومەتێـك لـە عێراقـدا پێکبهێنرێـت کـە هەمـوو پێکهاتـەکان لەخـۆی بگرێـت و زۆر لـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـەوە نزیـك نەبێـت، ئـەم داوایـەی ئەمریـکا لەگـەڵ خواستی هەریەکە لە تورکیـا و سـعودیەش وەك دوو دەوڵەتـی دراوسـێی عێـراق یـەك دەگرێتـەوە، بـەڵام تاچەنـد لایەنـە شـیعەکان وەڵامدانـەوەی ئەرێنییـان بـۆ داواکـەی ئەمریـکا دەبێت، یـان بـەو جـۆرە مامەڵـەی لەگەڵدا دەکـەن لـە رووکەشـدا خـۆی لەگـەڵ بگونجێنـن، ئەمەیـان تـا ئێسـتا روون نییـە، بـەڵام وەك ئـەوەی لایەنـە شـیعەکان بەتایبەتیـش موقتـەدا سـەدر لـە تویتێکـدا ئامـاژەی پێکـردووە، بـەوەی کـەس بـۆی نییـە دەسـت لـە پرۆسـەی سیاسـیی عێـراق وەربـدات و لـەو دیـو سـنوورەکانەوە ئاراسـتەی پرۆسـەکە دیـاری بکرێـت، ئـەوا پێدەچێـت، ئـەم لێدوانانـە بەدڵـی ئەمریـکا بێـت، بـەڵام هەندێـك لـە چاودێـران دەڵێـن ئـەم تویتـەی سـەدر جێگـەی ئەوەشـی تێـدا دەبێتـەوە کـە دڵـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانیـش رازی بـکات، هـەر بۆیـە لـەدوای راگەیاندنـی ئـەو تویتـەوە دەنگوباسـی ئـەوەش هەیـە کـە سـەدر بـە جیـا سـەردانی هـەر یـەك لـە تـاران و ئەنکـەراش دەکات. ئەمـەش مانـای ئەوەیـە دەشـێت لایەنـە شـیعەکان لەسـەر

**کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق بەگشتی و نێوماڵی شیعە بەتایبەتی ئەوەندە ئاسان نین کە بە نامەیەک، یان بەسەردانی باڵیۆزێک گرێیەکانی بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە، ئاڵۆزییەکان بەجۆرێکن لەوانەیە لەکاتێکدا هەوڵبدرێت یەکێک لە گرێیەکانی بکرێتەوە، چەندین گرێی ئاڵۆزتری تێبکەوێت و کردنەوەی ئەوانی دیکەش هێندەی دیکە ئاڵۆز بکات**

**ئەو دەوڵەتە سەقەتانەی بە هاوشێوەی عێراق بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی زلهێز و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دروستکراون، بەبێ حکومەتێکی سەنترالیی بەهێز و دیکتاتۆرێکی سەرکوتکاری بێویژدان، نە یەکپارچەیی خاکەکەی دەپارێزرێت، نە دەشتوانرێت حوکمڕانی تێدا بکرێت**

**دوای ئەوەی عێراق بەتەواوەتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای شیعەی عێراق، لەگەڵ ئەوەی کە لایەنەکانی شیعەی عێراق لەناو خۆیاندا پەیوەندیشیان لەگەڵ نوری مالیکی و دەوڵەتی یاسا خۆش نەبوو، بەڵام بەرامبەر ئەو هەوڵانەی مالیکی بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بکاتە حکومەتێکی سەنتراڵیی بەهێز و خۆیشی وەک دیکتاتۆرێک بەرامبەر (کورد و عەرەبی سوننە) هەموو لایەنە شیعەکان بەشێوەی جۆراوجۆر پشتگیرییان لێکرد**

**دروستکردنی هێزێکی سەربازی بە ناوی (حەشدی شەعبی) لە تائیفەی شیعە، مانای ئەوەیە جارێکی دیکە لە عێراقدا سوپا و هێزێکی پۆلیسی ئەوتۆ بونیاد نانرێتەوە کە متمانەی ئەوەی پێبکرێت ئاسایش و سەقامگیری وڵاتێکی وەک عێراقی پێ بپارێزرێت**

کەسایەتییەك بۆ نموونە (حەیدەر عەبادی ) ڕێکبکەون بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە، ئەم هەنگاوەی لایەنە شیعەکان وەك هەوڵێك بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەمریکا و وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنییانە بۆ داواکەی جیگری سەرۆکی ئەمریکا کە بە شێوەیەك لە شێوەکان پێشتر و ئێستاش ئەمریکا بە ڕاشکاوی دووبارەبوونەوەی عەبادی بە سەرۆك وەزیران بە کارێکی باشی زانیوە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا لایەنەکانی دیکەی شیعە بەتایبەتی هەردوو لیستی (فەتح و دەوڵەتی یاسا) دەیانەوێت پرۆسەی بڕیاردان لەناو حکومەت بکرێتە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران، نەك خودی سەرۆك وەزیران، ڕاشکاوانەتر سەرۆك وەزیران بێجگە لە ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان دەسەڵاتێکی دیکەی نەبێت، بۆیە پێدەچێت لای ئەم دوو لیستە لەوانەیە پۆستی سەرۆك وەزیران بایەخی جارانی نەمابێت و زیاتر پێ لەسەر پۆستی وەزارەتە سەروەرییەکانی دیکە وەك (ناوخۆ و نەوت و دەرەوە) دابگرن، یان هەوڵدەدەن زۆرینەی ئەنجومەنی وەزیران لەژێر کاریگەری ئەواندا بێت، بەبێ ئەوانیش هیچ بڕیارێك لەناو حکومەتی عێراقدا نەدرێت.

ئەوەی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئەمجارەی عێراقدا بە ڕاشکاوی هەستی پێدەکرێت، بێدەنگیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لەناو پرۆسەکەدا، دیارە ئەم بێدەنگییەی ئێستاش بە بەراورد بە ڕۆڵ و کاریگەریی ئاشکرای کۆماری ئیسلامی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەکانی پێشوودا جێگەی سەرنجە و ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی ئەم پرۆسەیە زۆر دەخایەنێت و جارێ پێویست نەبێت ئەو ڕۆڵی کاریگەری خۆی تێدا بگێڕێت، بە دیوێکی دیکەشدا ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، کە ئێران لە نفووز و پێگەی خۆی لەناو لایەنەکانی شیعەی عێراق دڵنیا بێت و ئەو قەناعەتەی هەیە کە ئەو لایەنانەی پەیوەندیی نزیك و توندوتۆڵیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، بە شێوەیەك هەنگاو هەڵناگرن کە بەرژەوەندییەکانی ئێران بخەنە مەترسییەوە، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە ئەمریکا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە گوشارەکانی لەسەر ئێران زیاتر بکات. سەبارەت بەم لایەنە بەشێك لە چاودێر و شرۆڤەوانانی ناو پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران بەو جۆرە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق دەخوێننەوە و دەڵێن، ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران مەبەستێتی ئەوەیە لە عێراقدا حکومەتێك دروست نەبێت کە دژایەتی ئێران بکات، یان ببێتە سەنگەرێك و ئەمریکا لە عێراقەوە دژایەتی کۆماری ئیسلامی بکات، دیارە لە ئێستاشدا هیچ لایەنێکی شیعەی عێراق ڕێگە بەخۆی نادات بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم هەڵوێستە بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا لە دژی ئێران وەربگرێت، بۆیە ئێران لەوە دڵنیایە کە ئەمریکا ئەوەی دەیەوێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بۆی نایەتەدی، ئەم دڵنیاییەش وایکردووە کە ئێران خۆی زۆر تێکەڵی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق نەکات.

لایەنێکی دیکە کە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، دیسان ڕۆڵی موقتەدا سەدرە کە لە دوای ١٢ی ئایاری ڕابردووەوە هەوڵدەدات خۆی وەك چەترێکی باوکانە بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەتایبەتی و عێراقییەکان بەگشتی بخاتەڕوو، یان وەك خۆی دەڵێت: (حکومەتێکی ئەبەوی) دابمەزرێت، لەسەر ئەم ئاراستەیەش پێدەچێت کۆماری ئیسلامی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەم بۆچوونەی سەدر نەبێت، بەڵام لایەنی ئەمریکی ئەمەی بەلاوە پەسەند نییە، وەك لە نامەکەشدا بۆ پێکهاتەکانی عێراق ئاماژەی پێکردووە، موقتەدا سەدر وەك سەرۆکی ئیتلافی نەسر و براوەی هەڵبژاردنەکان ڕۆڵی خۆی دەبێت لە پرۆسەکەدا، بەڵام هەموو سەرەداوی پرۆسەکە لەدەستی سەدردا نابێت، ئەمەش ڕاشکاوانە ئەو مانایە دەبەخشێت کە ناکرێت و نابێت بە تەنیا موقتەدا سەدر ئەندازیاری پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بێت.

دیارە کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق بەگشتی و نێوماڵی شیعە بەتایبەتی ئەوەندە ئاسان نین کە بە نامەیەك،

یان بەسەردانی باڵیۆزێك گرێیەكانی بكرێتەوە، بەپێچەوانەوە، ئاڵۆزییەكان بەجۆرێكن لەوانەیە لەكاتێكدا هەوڵبدرێت یەكێك لە گرێیەكانی بكرێتەوە، چەندین گرێی ئاڵۆزتری تێبكەوێت و كردنەوەی ئەوانی دیكەش هێندەی دیكە ئاڵۆز بكات.

**● عێراق بەشی ئەوەی پێوە نەماوە حكومەتێكی سەنتراڵی بەهێزی تیدا دروست بكرێت**

ئەو دەوڵەتە سەقەتانەی بە هاوشێوەی عێراق بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی زلهێز و پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان دروستكراون، بەبێ حكومەتێكی سەنتراڵیی بەهێز و دیكتاتۆرێكی سەركوتكاری بێویژدان، نە یەكپارچەیی خاكەكەی دەپارێزرێت، نە دەشتوانرێت حوكمرانی تێدا بكرێت، بە پێچەوانەوە هەر چۆنێك دەستكاری بكرێت، یان هەوڵبدرێت بكرێتە لابۆرێك و تاقیكردنەوەی دیموكراسی تێدا ئەنجام بدرێت، ئەوا سەرەنجام نە سەقامگیری بوونی دەمێنێت و نە دەشتوانرێت باس لە پاراستنی یەكپارچەیی خاكەكەی بكرێت، هەر هێزێكی بیانییش بیەوێت بە حیساب هاوكاری عێراقییەكان بكات بۆ دابینكردنی ئاسایش و سەقامگیری و پاراستنی یەكپارچەیی خاكەكەی، ئەوا لەگەڵ هێزەكانی ئەمریكا بینیمان ڤێتنامێكی دیكە بۆخۆی دووبارە دەكاتەوە.

باراك ئۆباما سەرۆكی پێشووی دوو خولی ئیدارەی ئەمریكا، هەر لەگەڵ دەستبەكاربوونی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ تەنیا هیوای ئەوە بوو كە لە ماوەی چوارساڵی خولی یەكەمی سەرۆكایەتییەكەیدا زەمینەیەكی ئەوتۆ لە عێراقدا دروست بكات، بۆ ئەوەی هێزەكانی خۆی لە عێراق بكشێنێتەوە، دیارە هەموو لایەنەكانی شیعە بەگشتی و لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆكایەتی نوری مالیكی و پشتیوانی حزبی دەعوا بەتایبەتی، زۆر باش لە ئامانجی باراك ئۆباما گەیشتبوون، هەر بۆیە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١١ بە جۆرێك لەگەڵ ئیدارەی یەكەمی ئۆباما كاریان كرد كە ئۆباما گەیشتە ئەو قەناعەتەی نوری مالیكی دەتوانێت حكومەتێكی سەنتراڵ و بەهێزی ئەوتۆ دروست بكات، كە بتوانێت جڵەوگیری دۆسێی سیاسیی و ئاسایشی عێراق بكات، بۆ ئەمەش دوای هەڵبژاردنەكانی نیسانی ٢٠١٠ چۆن ئێستا ئیدارەی ترەمپ داكۆكی لە دووبارە بوونەوەی حەیدەر عەبادی دەكات بۆ سەرۆك وەزیران، بەهەمان شێوە ئیدارەی ئۆباماش جەختێكی زۆر لە ئێستا زیاتری كرد، بۆ ئەوەی نوری مالیكی كابینەی دووەمی حكومەتەكەی وەربگرێتەوە، ئەمەشی وەك سەركەوتنێك بۆ خۆی لە قەڵەمدا كە نوری مالیكی عێراق دەكاتە شەریكی راستەقینەی ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها دەشتوانێت هێزەكانی بكشێنێتەوە، بەمەش خۆی لە گوشارەكانی ناوخۆی ئەمریكا رزگار دەكات. دیارە ئۆباما هەردوو خواستەكەی بۆ هاتەدی، هەم مالیكی كردەوە سەرۆك وەزیران هەمیش لەوادەی خۆی بە پێی رێككەوتنی سۆفا هێزەكانی لە عێراق كشاندەوە.

دوای ئەوەی عێراق بەتەواوەتی كەوتە ژێر دەسەڵاتی رەهای شیعەی عێراق، لەگەڵ ئەوەی كە لایەنەكانی شیعەی عێراق لەناو خۆیاندا پەیوەندیشیان لەگەڵ نوری مالیكی و دەوڵەتی یاسا خۆش نەبوو، بەڵام بەرامبەر ئەو هەوڵانەی مالیكی بۆ ئەوەی حكومەتی عێراق بكاتە حكومەتێكی سەنتراڵیی بەهێز و خۆیشی وەك دیكتاتۆرێك بەرامبەر (كورد و عەرەبی سوننە) هەموو لایەنە شیعەكان بەشێوەی جۆراوجۆر پشتگیرییان لێكرد، تەنانەت كار گەیشتە ئەوەی بە ئاگر و ئاسن خۆپیشاندەرانی ئەنبار و حەویجە سەركوت بكرێن و خامۆش بكرێنەوە، بەڵام لەبری ئەوەی هەوڵەكانی مالیكی و دەوڵەتی یاسا سوپا و پۆلیس و دامەزراوەكانی ئاسایش بكەنە ئامێرێك بۆ سەقامگیری و ئاسایش و سەركوتكردنی تەواوی (عەرەبی سوننە)، خودی سوپا و هێزەكانی پۆلیس و ئاسایشی عێراق لەبەریەك هەڵوشان، بێگومان لایەنەكانی شیعەی عێراق باش دەیانزانی هۆكاری لەبەریەك هەڵوشانی ئەم هەموو هێزە ئاكامی ئەو سیاسەتە بوو كە لیستی دەوڵەتی یاسا ئامانجی بوو لە ئاكامەكەی حكومەتێكی سەنتراڵیی بەهێزی لێ بەرهەم بێت، بەڵام هیچ لایەنێكی شیعە شەخسی نوری مالیكی و لیستی دەوڵەتی

**ئێستا عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتانی كەنداو مەبەستیانە هەستیاریی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراقدا تێپەڕێنن و وەك دەوڵەت مامەڵە لە گەڵ پرۆسەی حوكمرانیی عێراقدا بكەن، بەڵام هەڵوێست و لێدوانەكانی لایەنەكانی شیعەی عێراق بەرامبەر دەوڵەتی سعودیە و دەوڵەتانی دیكەی كەنداو وایكردووە كە ئەوان نەتوانن وەك دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ عێراق بكەن**

**ئەمریكا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی شەڕی دژی داعش و دەوڵەتانی یەكێتیی ئەوروپا و ناتۆ، وەك دەوڵەت داوا لە حكومەتی عێراق دەكەن، كە بەپێی یاسا هێزەكانی حەشدی شەعبی رێكبخات و ئەو میلیشیایانەی نایەنە ناو چوارچێوەی ئەو یاسایە، ئەوا دەبێت هەڵبوەشێنرێنەوە**

**فەرماندەی میلیشیایەكی حەشدی شەعبی وەك دەوڵەت وەڵامی ئەمریكا و یەكێتیی ئەوروپا و ناتۆ و دەوڵەتانی هاوپەیمانی شەڕی دژی داعش دەداتەوە**

یاسا، یان تەنانەت حزبی دەعوەیان تاوانبار نەکرد، هەربۆیە دوای ئەوەی سوپا و پۆلیسی فیدراڵیی عێراق لەبەردەمی داعش لەبەریەك هەڵوەشان، مەرجەعییەتی نەجەف داوای نەکرد سەرلەنوێ سوپا و پۆلیسی فیدراڵی دووبارە دروست بکرێنەوە، بەڵکو لەبری ئەوە فەتوای دا کە زۆر بەپەلە هێزێك بۆ تائیفەی شیعە بە ناوی (حەشدی شەعبی) دروست بکرێت.

دروستکردنی هێزێکی سەربازی بە ناوی (حەشدی شەعبی) لە تائیفەی شیعە، مانای ئەوەیە جارێکی دیکە لە عێراقدا سوپا و هێزێکی پۆلیسی ئەوتۆ بونیاد نانرێتەوە کە متمانەی ئەوەی پێبکرێت ئاسایش و سەقامگیریی ولاتێکی وەك عێراقی پێ بپارێزرێت، هەروەها مانای ئەوەیە پێکهاتەی عەرەبی شیعەی عێراقیش ناتوانن وەك پێکهاتەی عەرەبی سوننەی عێراق دیکتاتۆریەتێك و حکومەتێکی سەنتراڵیی ئەوتۆ بەهێز دروست بکەن کە بتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی عێراق بکات، کەواتە ئەوە راستە کە عەرەبی شیعەی عێراق هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە بتوانێت کۆنترۆڵی هەموو عێراق بکات و هەموو پێکهاتەکانی عێراقیش ملکەچی ئەو حوکمڕانییەی شیعە بن، بەلام هەڵپەی لایەنەکانی شیعە بۆ تۆڵەسەندنەوەی ١٠٠ساڵی رابردوو لە عەرەبی سوننە و کەم ئەزموونییان لە پرۆسەی دەوڵەتداریدا، بوونە هۆکاری ئەوەی بۆشایی گەورەی ئەوتۆ دروست بکەن، کە نەك هەر بۆیان پڕناکرێتەوە، بەڵکو خەیاڵی کۆنترۆڵکردنی تەواوی پرۆسەی حوکمڕانییش بێجگە لە خەیاڵ پلاوییەك هیچی دیکە نەبێت.

ئەو حاڵەتەی کە کەم ئەزموونیی لایەنەکانی شیعەی عێراق لە پرۆسەی حوکمڕانیی عێراق دروستیان کردووە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی دروستکردووە، هەر بۆ نموونە ئێستا عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو مەبەستیانە هەستیاریی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراقدا تێپەڕێنن و وەك دەوڵەت مامەڵە لە گەڵ پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا بکەن، بەلام هەڵوێست و لێدوانەکانی لایەنەکانی شیعەی عێراق بەرامبەر دەوڵەتی سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی کەنداو وایکردووە کە ئەوان نەتوانن وەك دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ عێراق بکەن، ئەم ئاراستەیە لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی بەگشتی و سیاسەتی ئەمریکاش لەگەڵ عێراق هەمان ئیشکالیەتی دروستکردووە. هەر بۆ نموونە ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی شەڕی دژی داعش و دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆ، وەك دەوڵەت داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن، کە بەپێی یاسا هێزەکانی حەشدی شەعبی رێکبخات و ئەو میلیشیایانەی نایەنە ناو چوارچێوەی ئەو یاسایە، ئەوا دەبێت هەڵبوەشێنرێنەوە، بەلام پێش ئەوەی حکومەتی عێراق هەڵوێستی خۆی وەك حکومەت رابگەیەنێت، ئەوا وەك بینیویمانە فەرماندەی میلیشیایەکی حەشدی شەعبی وەك دەوڵەت وەڵامی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆ و دەوڵەتانی هاوپەیمانی شەڕی دژی داعش دەداتەوە.

کەواتە ئەم واقیعەی ئێستای شێوازی حوکمڕانیی شیعە لە عێراق بەتایبەتیش لەدوای دروستبوونی هێزێکی چەکداری شیعەوە بەناوی (حەشدی شەعبی)، شکۆی دەوڵەتی عێراقی خستۆتە ژێر پرسیارەوە و تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خواستێتی شیعەی عێراق بە جۆرێك حوکمڕانیی ئەو دەوڵەتە بکەن، کە ببێتە دەوڵەتێکی دۆست و دراوسێ بۆ دەوڵەتی ئێران، کەچی ئێرانیش ناتوانێت وەك دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ دەسەلاتدارانی شیعەی عێراق بکات و زۆر جار ناچار دەبێت، وەك لەماوەی شەڕی دژی داعش ناچار بوو، خۆی جڵەوی کاروبارەکان بەڕێوە بەرێت.

کەواتە هەموو ئەو خوێندنەوانەی بۆ واقیعی ئێستای عێراق لەژێر سایەی حوکمڕانیی شیعەدا دەکرێت، هەموویان لە یەك خاڵدا یەك دەگرنەوە و ئەو خاڵەش ئەوەیە عێراق بەشی ئەوەی پێوە نەماوە هەتا بیر لەوە بکرێتەوە حکومەتێکی سەنتراڵیی بەهێزی هەبێت و پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکەکەی بکات و دەبێت بە دوای بەدیل و رێگەچارەیەکی دیکەدا بگەڕێن، کە ئەویش ئەوەیە یەکپارچەیی دەوڵەتەکانی عێراق بپارێزرێت.

**کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خواستێتی شیعەی عێراق بە جۆرێک حوکمڕانیی ئەو دەوڵەتە بکەن، کە ببێتە دەوڵەتێکی دۆست و دراوسێ بۆ دەوڵەتی ئێران، کەچی ئێرانیش ناتوانێت وەک دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق بکات و زۆر جار ناچار دەبێت، وەک لەماوەی شەڕی دژی داعش ناچار بوو، خۆی جڵەوی کاروبارەکان بەڕێوە بەرێت**

**عێراق بەشی ئەوەی پێوە نەماوە هەتا بیر لەوە بکرێتەوە حکومەتێکی سەنتراڵیی بەهێزی هەبێت و پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکەکەی بکات و دەبێت بە دوای بەدیل و رێگەچارەیەکی دیکەدا بگەڕێن، کە ئەویش ئەوەیە یەکپارچەیی دەوڵەتەکانی عێراق بپارێزرێت**

**ئێران لەوە دڵنیایە کە ئەمریکا ئەوەی دەیەوێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بۆی نایەتەدی، ئەم دڵنیاییەش وایکردووە کە ئێران خۆی زۆر تێکەڵی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق نەکات**

# کورد بەم پەرتەوازەییە لە بەردم کۆکتێلی عەرەبی و هاوپەیمانیەتییە بەهێزەکانی بەغدا چی پێدەکریت؟



د. نەزاکەت حسێن

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە چوار خولی رابردووی حوکمڕانیی عێراق کە کورد بەشدارییەکی تا رادەیەك جددی هەبووە لە پەرلەمان و حکومەتدا، تا ئێستا ماف و دەستکەوتەکانی لە دەستووردا نەپچڕاندووەو مافە نەتەوەیی و ناوچە جێناکۆکەکان و مەسەلە چارەنووسسازەکان هیچ هەنگاوێکی بەرەوپێشچوونی نەناوە و جێگیر نەبووە. لە ئێستایەکی سەردەمی هاوپەیمانیەتی و کۆکتێلی عەرەبی کە تەجاوزی ئایدیۆلۆژی و مەزهەبی هەموو جیاکارییەکانی تری کردووە، کوردیش بەم پەرتەوازەییە کە نە حزبەکانی دەسەڵات، نە ئۆپۆزسیۆن لەناو خۆیاندا، تەنانەت پارتە ئیسلامییەکانیش ناتوانن هاوپەیمانیەتییەك رابگەیەنن، ئایا دەتوانن لەبەرامبەر ئەو مۆدیلە نوێیەی هاوپەیمانیەتی عەرەبی هیچ پێگەیەکی بەهێز بۆخۆیان دروست بکەن، یان کار لەسەر کێشە دەستوورییەکان بکەن؟ بەدڵنیاییەوە، نا! چونکە هێشتا بیری تەسکی حزبی و ئایدیۆلۆژی و هەڵپەی ئیمتیازات و گلەیی و گازندەی پارتەکان لەیەك چ لەسەر نارەزاییەتییەکان لە دەرنجامەکانی هەڵبژاردن و چ لە بەر مانەوەی کاریگەری و بوونی ناکۆکییەکانی نێوانیان لە سەردەمەکانی رابردوودا، ئەمانە هەموو رێگرن لەوەی کە کەورد نەتوانێت هاوپەیمانیەتییەکی بەهێز دروست بکات و لەوانەیە جارێکی دی خراپتر لە جارا ن و بە پەرتەوازەیی بچێتەوە بەغدا و ئەوەشی هەمان بووە، رەنگە کەمی بکاتەوە، یان لە دەستی بدات.

بە بڕوای من رەنگە ئەم هاوپەیمانیەتییە بەهێزەی عەرەبی بەغدا ببێتە بەربەستێك و مەترسییەکی گەورە بۆ کورد و بچووککردنەوەی کورد لە پێگە سیاسی و دەستوورییەکەیدا. بەتایبەتی کە ئەوان بە کۆکتیل و گەلەکۆمەکی دێنە کوردستان و ئێمەش حزب حزب سەردانیان دەکەینەوە، هەر ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی حکومەت بە ئاسانی پێك نایەت لە عێراقدا و کوردیش مەحاڵە لە ئایندەی ئەم حوکمڕانییەدا هیچی بۆ بکرێت. تاکە چارەسەر و رێگەی دەربازبوون لەم قەیرانەی کوردی تێکەوتووە، نزیکبوونەوەی لایەنەکان و جاڕدانی ئاشتەواییەکی نیشتمانی و هاتنەوە سەرمێزی لایەنەکان و وەلانانی بەرژەوەندییە کەسی و حزبییەکان و دوورکەوتنەوە لە کای کۆن بە باکردنە، ئەگینا وردە وردە نارەزاییەکانی شەقام گەورە دەبن، ئەو کات کورد نەك شەڕی بەرامبەرەکانی خۆی پێناکرێت، دەبێت سەرقاڵی دامرکاندنەوەی شەقام بێت، ماڵی کوردی وەك ماڵی جاڵجاڵووکەکان بە دەم باوە دەڕوات و دەبێت لە سفرەوە و لە ئەی رەقیبەوە دەست پێ بکەین. پێ دەچێت ئەم کۆکتێلەی عەرەبی مۆدێلێکی نوێ لە گەلەکۆمەکی بێت لە دژی کورد و کود هێشتا بە ئاگا نەهاتبێتەوە...

دیمانەی تایبەت



## زۆلی کۆری

**بەڕێوەبەری ئامۆژگای ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بۆ گوڵان:**

# ترەمپ فشاری ئابووری بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بەکار دەهێنێت

**زۆلی کۆری، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە سکوڵی ماکسوێڵ لە زانکۆی سیراکیوز، بەڕێوەبەری ئامۆژگای ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمە لە هەمان زانکۆ. تایبەتمەندە لە چەند بوارێکی گرنگدا، وەك ئاسایشی نەتەوە و نێودەوڵەتی، پرسە مرۆییەکان و جیهانگەرایی، لە دەرفەتێکدا ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ساز کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەڕوانیت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو ئایا وڵاتانی ناوچەکە چۆن لەو سیاسەتە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە وڵاتانی ناوچەکە- جگە لە چەند وڵاتێکی دیاریکراو نەبێت- پشتیوانی لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ دەکەن لە ئاست ناوچەکەدا، بەتایبەتی پاڵپشتی لە هەوڵەکانی ژەنەڕاڵ ماتیس- وەزیری بەرگریی ئەمریکا- دەکەن بۆ چڕکردنەوەی فشارەکانی لەسەر داعش، ئەوە بوو لە عێراقدا تێکشکاندنی داعش بە بەشداریی هێزە چەکدارە عێراقییەکان و هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت جێبەجێ کران، ئەمەش ڕێگاچارەیەکی کارا بوو، کە لە ناوچەکەدا بە باشی پێشوازی لێکرا. کەواتە لە پەیوەندی بە بەرەنگاربوونەوە و تێکشکاندنی داعشدا، سیاسەتی ترەمپ کارا بووە و پێشوازی باشی لێکراوە.

*** ئاماژەت بە بەرەوپێشچوونی شەڕی دژ بە تیرۆریستان و بەتایبەتی داعش کرد لە عێراق و سووریادا، بەڵام ڕەخنەی ئەوەش لە ئیدارەی ئەمریکا دەگیرێت کە تەنیا خۆی پەیوەست کردووە بە تێکشکاندنی سەربازیی داعشەوە، بە بێ ئەوەی چارەسەری هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گرووپی هاوشێوەی داعش بکات، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من پێم وانییە مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، بەڵکو ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە هەم ئیدارەی ئەمریکا و هەم ڕای گشتی ئەو وڵاتە هەست بە شەکەتبوون دەکەن- هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە- لە ئاست شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها بێزار بوون لە بینینی دیمەنی سەربازە کوژراو و بریندارەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بگەڕێنەوە، بەڵام ئەمە بە مانای کۆتاییهاتنی پشتیوانیی ئەمریکا نایەت بۆ حکومەتی عێراقی و بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش. واتە پێموایە ئەم ئیدارەیەی ئێستای ئەمریکا پشتیوانی لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی دەکات لەم ڕووەوە. دواتر ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە هۆکارە ریشەییەکانی سەرهەڵدانی ئەم گرووپانەوە، ئەوا من باوەڕم وایە چارەسەرکردنی ئەم هۆکارانە لە دەرەوەی توانای ئەمریکاوەیە، واتە دەکرێت ئەمریکا هاوکاری دەستەبەر بکات و پشتیوانیی دارایی دابین بکات و لە ڕووی دیپلۆماتی و بوارەکانی حکومڕانییەوە پاڵپشتی بکات، واتە ئەمریکا دەتوانێت ئەم جۆرە هاوکارییانە دەستەبەر بکات و بەردەوامیش دەبێت لەسەر فەراهەمکردنیان. بەڵام هەڵوێستی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا ڕەنگدانەوەی هەستی شەکەتبوونی ڕای گشتیی ئەمریکایە لە ئاست بوونی ژمارەیەکی زۆری سەربازی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** کەواتە بەرپرسیارێتی سەرەکیی چارەسەرکردنی ئەم هۆکارانە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتەکانی ناوچەکە؟**

- بەڵێ، ئەمە بۆچوونی منیشە، هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەمریکا بەردەوام دەبێت لەسەر دەستەبەرکردنی هاوکارییەکان، بەڵام کێشەی توندڕەوی پرسێك نییە کە ئەمریکا بتوانێت بۆ عێراقییەکانی چارەسەر بکات، چونکە ئەمانە کێشەی قورسن، هەرچەندە ئەمریکاش دەتوانێت هاوکار بێت بۆ چارەسەرکردنیان.

*** باست لەوە کرد کە بە شێوەیەکی گشتی پشێوازی لە سیاسەتەکانی ترەمپ دەکرێت لە ناوچەکەدا، بەڵام هەندێ بڕیاری دیکەی**

**ئەگەر وڵاتێک لە ڕووی ناوخۆییەوە بە دەست ناسەقامگیرییەوە بناڵێنێت، ئەوا زەحمەتە بتوانێت پشێوی و ئاڵۆزی لە شوێن و لە وڵاتی دیکە دروست بکات**

**لە ئێستادا دەوڵەتە دراوسێکانی ئیسرائیل –لوبنانی لێدەرچێت- ئەوەندەی پشتگیری ئیسرائیل دەکەن، هێندەی پشتیوانیی ئێران ناکەن**

**ترەمپ هەن لە ئاست وڵاتانی ناوچەکەدا، بەتایبەتی بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران، بۆچونی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا؟ تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ڕاستە بڕیاری دەستەبەرداربوون لەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییە مایەی مشتومڕ بوو، بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە هەندێ هێز هەن لە ناوچەکەدا هاوهەڵوێستن لەگەڵ ئەم بڕیارەدا و پشتیوانی لێدەکەن، وەك سعودیە و ئیمارات، بە شێوەیەکی گشتی وڵاتانی کەنداو پێشوازی لە هەوڵەکانی گۆشەگیرکردنی ئێران لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دەکەن.

*** باشە پێت وایە عێراق لە چ پێگەیەکدایە لەم ڕووەوە؟**

- عێراق لە پێگەیەکی دژواردایە لە پەیوەندی بەم سیاسەتە نوێیەی ئیدارەی ئەمریکاوە لە ئاست ئێراندا، چونکە ئاشکرایە ئەمە ئاڵوگۆڕێکی گەورەیە کە بەسەر سیاسەتی ئەمریکادا هاتووە لە ئاست ئێراندا- بە بەراورد بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە ئاست ئەو وڵاتەدا-. بەڵام دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا پشتیوانی لەم سیاسەتەی ترەمپ دەکەن، بەڵام زەحمەتە ئەمە بۆ عێراق ڕاست بێت، چونکە لە نێو عێراقدا دابەشبوون هەیە لە پەیوەندی بە پشتیوانیکردنی ئێرانەوە. من نازانم ڕای گشتی لە عێراقدا چۆنە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە بەرپرسەکانەوە، ئەوا پێموایە ئەو کاربەدەستانەی عێراق کە ڕاستەوخۆ هاوپەیمانێتییان نییە لەگەڵ ئێراندا، هەست بە گەشبینی دەکەن کە ئەم جۆرە سیاسەتە-لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە- بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران ببێتەهۆی دروستکردنی پانتاییەك بۆ حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی بتوانێت سنوورێك بۆ دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا دابنێت.

**دوای واژووکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئیدارەی ئۆباما، ئێران پارەیەکی زۆری بلۆککراوی بۆ گەڕایەوە، بەڵام لە شەڕی سووریادا بەکاری هێنان**

*** ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم بڕیارەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە باری ناسەقامگیری و نائارامی لە ناوچەکەدا ئاڵۆزتر دەکات؟**

- من پێم وانییە باری ناسەقامگیری زیاتر بکات، بەڵکو ئەوەی هەیە، بوونی کۆدەنگییەکە لە نێو زۆرینەی وڵاتە موسڵمانەکانی ناوچەکەدا کە ئێران ڕۆڵی تێکدەر دەبینێت و کاراکتەرێکی خراپە لە ناوچەکەدا و پێیانوایە هەوڵەکانی ئیحتیواکردنی ئێران درەنگوەختن. کەواتە هیچ وڵاتێکی ناوچەکە نییە، جگە لە ئێران و سووریا، کە هاوڕا نەبن لەگەڵ کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە، تەنانەت ڕووسیاش زۆر نیگەران نەبوو لەم ڕووەوە.

*** کەواتە پێتوایە ئەمریکا توانیویەتی درز و کەلێنێك لە نێوان ڕووسیا و ئێراندا دروست بکات و ڕووسیا لە ئێران دوور بخاتەوە؟**

- من دڵنیانیم و نازانم ئایا سەرکەوتووانە ئەم کارەی ئەنجام داوە، یان نا. بەڵام ئاشکرایە هەوڵەکانیان بە ئامانجی ئەوەیە ئێران لە هەر هاوپەیمانێتییەکی دابیڕێت لە ئایندەدا، هەروەها لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئەمریکا کاری کردووە بە ئاراستەی لێکدابڕینی ئێران و ئەورووپا لە ڕووی ئابوورییەوە. چونکە ئێمە دەزانین کە وڵاتانی ئەورووپا وەبەرهێنان و بەشداریی ئابووریی خۆیان زیاتر کرد لە ئێراندا لە دوای ئەوەی باراك ئۆباما ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا واژوو کرد. بەڵام ئێستا ئەمە تا ڕادەیەك پێچەوانە بۆتەوە. ئێستاش ئەگەر حکومەتەکانی وڵاتانی ئەورووپاش بیانەوێت درێژە بەو پەیوەندییە ئابوورییانە بدەن، تەنانەت دوای بڕیاری کشانەوەی ترەمپ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ئەوا کۆمپانیا و کەرتی تایبەتی ئەو وڵاتانە ڕووبەڕووی مەترسی و فشارەکانی پەیوەست بە سزاکانی ئەمریکا دەبنەوە. لە ڕاستیدا ئەمەش ئەو ڕێگاچارەیەمان پێدەڵێت کە ئیدارەی ترەمپ دەیگرێتەبەر، کە ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی فشار و سزای ئابووری بە شێوەیەکی توند. ئێوە بڕواننە پرسی سەپاندنی گومرگ و شەڕی بازرگانی لەگەڵ چین و کەنەدا. کەواتە ترەمپ فشاری ئابووری بە شێوەیەکی زۆر توند بەکاردەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی. هەروەها ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە ئەمە مایەی گیروگرفت بێت، بەڵام پێدەچێت ڕێگاچارەیەکی کارا بێت. واتە هەرچەندە بە ڕێگاچارەیەکی سەیر دەردەکەوێت لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام وا دەردەکەوێت کە کارا و سەرکەوتوو بێت.

*** ئایا ئێران لە بارێکدایە بتوانێت بەرگەی**

**ئـەو فشـارە ئابوورییانـە بگرێت؟**

- ئێمـە دەزانیـن دوای واژووکردنـی ڕێککەوتنـە ئەتۆمییەکـە لەگـەڵ ئیـدارەی ئۆبامـا، ئێـران پارەیەکـی زۆری بلۆککـراوی بـۆ گەڕایـەوە، بـەڵام لـە شـەڕی سووریادا بـەکاری هێنـان، ئەمـە لـە کاتێکـدا ئێـران دەیتوانـی ئـەو پارانـە بـەکار بهێنێت بۆ پەرەپێدانـی پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی لەگـەڵ یەکێتیـی ئەوروپـا و وڵاتانـی دراوسێی، خۆ ئەگـەر ئـەم کارەی بکردایـە- هەرچەنـدە مـن زانیاریـم نییـە لـەم ڕووەوە- بـەڵام بـە مەزەنـدی مـن ئەگـەر ئـەم کارەی بکردایە ئـەوا لـە ئێسـتادا لـە پێگەیەکـی باشـتردا دەبـوو بـۆ بەرگەگرتنـی فشـارە ئابوورییـەکان. ئەوەتـا لـە ئێسـتادا لـە هەنـدێ ڕووەوە سـەقامگیریی ئابـووری لەدەسـت داوە کـە ئەمـەش دەرهاویشـتەی خـۆی هەبـووە وەك خۆپیشـاندانەکانی ئـەو وڵاتـە و بۆتەهـۆی ئـەوەی خەڵکـی نـەك پرسیار لەبـارەی سیاسـەتی وڵاتەکەیانـەوە بکـەن، بگـرە لەسـەر پرسـی ئابووریـیش هەڵوەسـتە بکـەن. کەواتـە ئێسـتا ئێـران ڕووبـەڕووی دەرهاویشـتەکانی بـژاردە هەڵەکانـی بۆتـەوە، هەڵـە لـە بەکارهێنانـی ئـەو داهـات و پارەیـەی بـۆی گەڕایـەوە دوای واژووکردنـی ڕێککەوتنەکـە لەلایـەن ئیـدارەی ئۆبامـاوە. هـەر لەبـەر ئەوەشـە کـە ئێسـتا ئابووریـی ناوخـۆی ئێران پارێزراو نییـە و ئـەو وڵاتـەش بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی دوچـاری گۆشـەگیری بۆتـەوە لـە سـەر ئاسـتی بازرگانـی جیهانـی و لەسـەر ئاسـتی پەیوەندییـە دەرەکییەکانـی بـە زۆرێـك لـە وڵاتانـی دراوسـێیەوە و تەنانـەت بـە وڵاتانـی دیکەشـەوە، وەك وڵاتانـی یەکێتیـی ئەوروپـا. ئەمـە ئەگەرچـی پەیوەندیـی ئابـووری لەگـەڵ چینـدا هەیـە کـە مـن پێموایـە لـە ئایندەشـدا هەوڵـی درێژەپێـدان و پارێزگاریکـردن لـەو پەیوەندییانـە دەدات.

*** ئـەی پێتوایـە ئامانجـی ڕاسـتەقینەی ئەمریـکا لـە زیادکردنـی فشـارەکانی لەسـەر ئێران چییـە؟**

- مـن ناتوانـم بـە دڵنیاییـەوە بڵێم ئامانجـی ئیـدارەی ئەمریـکا چییـە، بـەڵام ئـەو خوێندنەوەیەشـی بـۆ دەکرێـت کـە ئیـدارەی ئەمریـکا دەیەوێـت لـە ڕێـی زیادکردنـی فشـارە ئابوورییەکانـەوە کاریگـەری بکاتەسـەر سیاسـەتی ئـەو وڵاتـە. واتـە ئامانجەکـە ئەوەیـە کـە لـە ڕووی ئابوورییـەوە ئیحتیـوا بکرێـت بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی سیاسیشـەوە ئیحتیـوا بکرێت. لەلایەکـی دیکـەوە دەبێت ئێمـە ئـەوە بزانیـن کـە خەڵکانێکـی زۆر هەبـوون لـە ئەمریـکا پشـتیوانییان لـەم ڕێککەوتنـە نەدەکـرد و بـە ڕێککەوتنێکـی باشیان نەدەزانـی، هەروەهـا ئەمـە ڕێککەوتنێکیـش بـوو کـە کۆنگرێـس پشـتیوانی لـێ نەکـرد. کەواتـە لـە ڕوانگـەی بەشـێکی ڕای گشـتی ئەمریـکاوە کـە موحافیـزکارن، ئـەم ڕێککەوتنـە کێشـە و گیروگرفتـی زۆری هەبـووە، کەواتـە بەشـێکی پەیوەستە بە ڕووکردنە ئەم خەڵکەوە بە ئامانجی ئـەوەی پشـتیوانیی سیاسـی ئـەو کەسـانە بەدەست بهێنێت بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی. بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا، مـن پێموایـە ئـەو دەیەوێـت هاوکاریـی هاوپەیمانەکانـی بـکات لـە ناوچـەی کەنـداودا، بەتایبـەت سـعودیە، چونکـە تێڕوانینێـك هەیـە لـە نێـو ئیـدارەی ئێسـتای ئەمریـکا کـە ئیـدارەی پێشـوو- سـەردەمی سـەرۆك بـاراك ئۆبامـا- وڵاتانـی ناوچـەی کەنـداو خرابوونـە دۆخێکـی خراپـەوە، لـەم ڕوانگەیـەوە ئـەو دەیەوێت ئـەم پەیامـە بگەیەنێـت کـە لـە پەیوەنـدی بـە سـەقامگیری کەنداوەوە، ئـەوا هـەر شـتێك هـاوکار نەبێت بۆ ئـەم ناوچەیـە، ئـەوا هـاوکار نابێـت بـۆ ئەمریـکا و بـۆ یەکێتیـی ئەوروپـاش.

*** کەواتـە دەکرێـت بڵێیـن ئیـدارەی ترەمـپ توانیویەتـی هاوپەیمانەکانـی لـە ناوچەکـەدا دڵنیـا بکاتـەوە و بەرپەرچـی نەیارەکانـی بداتـەوە، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی دەوتـرا ئەمریـکا هاوپەیمانەکانی لـە ناوچەکەدا پشتگوێ خستووە و لـە نەیارەکانـی نزیـك بۆتـەوە، بەتایبەتـی لـە سـەردەمی ئیـدارەی ئۆبامـادا؟**

- مـن دەڵێـم بـە دڵنیاییـەوە هاوپەیمانەکانـی ئەمریکا لـە ناوچەکـەدا دڵنیا بوونەتـەوە، تەنانـەت مـن هـاوەڵ و قوتابیـی عەرەبـم هـەن کـە زۆر خۆشـحاڵن بـە گرتنەدەسـتی دەسـەڵات لەلایـەن ترەمپـەوە و بـە سـەرکردەیەکی سەرسـوڕهێنەری دادەنێـن و تەنانـەت ئەمـە هەسـتی قوتابییـە سوورییەکانیشـە، ئەمـەش سـەیرە، چونکـە کەسانێك هـەن لـە ئەمریکا کـە خۆشحاڵ نین بە سـەرۆکایەتیی ترەمـپ.

*** هـەر لـە پەیوەنـدی بـە زیادکردنـی فشـارەکان لەسـەر ئێرانـەوە، بـەم دواییـە ئەمریـکا لـە ڕێـی وەزیـری دەرەوەی وڵاتەکـەی- مایـك پۆمپیـۆ- ڕایگەیانـد کـە دەبێـت ئێـران بـە تەواوەتـی**

**وڵاتانی ئەوروپا وەبەرهێنان و بەشداریی ئابووریی خۆیان زیاتر کرد لە ئێراندا لە دوای ئەوەی باراک ئۆباما ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا واژوو کرد. بەڵام ئێستا ئەمە تا ڕادەیەک پێچەوانە بۆتەوە**

**کۆدەنگییەک لە نێو زۆرینەی وڵاتە موسڵمانەکانی ناوچەکەدا هەیە بەوەی کە ئێران ڕۆڵی تێکدەر دەبینێت و کاراکتەرێکی خراپە لە ناوچەکەداو پێیانوایە هەوڵەکانی ئیحتیواکردنی ئێران درەنگوەختن**



**لە سووریا بکشێتەوە، ئایا تا چەند ئەمە سیاسەتێکی واقیعبینانەیە و قابیلی بەدیهاتنە؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ئابووریی ناوخۆیی ئێران رووبەڕووی فشارێکی زۆر دەبێتەوە، واتە تەحەددییە ئابوورییە ناوخۆییەکانی زیاتر دەبێت، بەتایبەتی دوای زیادکردنی فشارەکان لەسەر هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکەی بۆ دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زەحمەتە دەبێت بۆ ئێران کە بە شێوەیەکی تۆکمە و سیستماتیکی هێزەکانی لە سووریا پاشەکشە پێبکات.

*** ئێمە دەزانین کە ئێران پێداگیری دەکات لەسەر هێشتنەوە و پەرەپێدانی بوونی سەربازیی خۆی- ئەگەرچی لە رێی وەکیلەکانیشەوە بێت- لەسەر خاکی سووریا، ئیسرائیلیش بە هەمان شێوە پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی ئەم هەوڵەی ئێران پووچەڵ بکاتەوە، ئایا ئەمە پێکدادانی نێوان ئەو دو وڵاتەی لێدەکەوێتەوە؟**

- لە راستیدا ئەوە گومانی تێدا نییە کە بارگرژی هەیە، بەڵام دەبێت لێرەدا ئاماژەش بەوە بکەین کە هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە بۆ گۆشەگیرکردن و ئیحتیواکردنی ئێران ئەنجامێکی باشی هەبووە بۆ ئیسرائیل، چونکە لە ئێستادا ئیسرائیل پەیوەندیی هەواڵگری و دیپلۆماتی ئەوتۆی لەگەڵ چەند وڵاتێك هەیە کە پێشتر بەم شێوەیە بە ئاشکرا بوونیان نەبوو، کەواتە ئیسرائیل پشتیوانییەکی زۆری هەیە بۆ ئەم هەڵوێستەی ئێستای لە ئاست ئیسرائیلدا کە پێشتر ئەم پاڵپشتییە بوونی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە ئیسرائیل بیەوێت جەنگێکی کراوەی هەبێت لەگەڵ ئێراندا، ئەگەرچی ئەو



بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و تەنانەت لەم رووەوە ئەو گورز و هێرشانەی ئەنجامیان دەدات لە ناو خاکی سووریادا بە لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئێران لێکدەدرێنەوە. جارێکی دیکە دەیڵێمەوە ئیسرائیل نایەوێت بچێتە جەنگێکی کراوە لەگەڵ ئێراندا و پێموایە ئەمریکا بەم ئاراستەیەدا کار لەگەڵ ئیسرائیل دەکات. هەرچۆنێك بێت ئەوەی هەیە هەوڵەکانی گۆشەگیرکردنی ئێرانە لە ناوچەکەدا و ئێستاش ئەوەتا ئەردەنیش بۆتە بەشێك لە هەوڵەکانی ئیحتیواکردنی ئێران و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی ترەمپدا بەهێز دەکات، ئەوەتا لە ئێستادا دەوڵەتە دراوسێکانی ئیسرائیل –لوبنانی لێدەرچێت- ئەوەندی پشتگیریی ئیسرائیل دەکەن، هێندەی پشتیوانیی ئێران ناکەن.

*** کەواتە چۆن لە ئایندەی وڵاتی سووریا دەڕوانیت؟ ئایا پێتوایە لە رووی ئەمری واقیعەوە دابەش دەبێت بەسەر چەند ناوچەیەکی نفووزدا، یان رژێمی ئەسە دەتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بەسەر تەواوی خاکی وڵاتەکەدا بگرێتەوە؟**

- ئەگەر ئێمە لە روانگەی ئەمریکا لەم پرسە بڕوانین، ئەوا گومانی تێدا نییە کە خواستی ئەمریکا ئەوەیە سووریا بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵبگرێت، ئەگەرچی چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە بە چەشنی وڵاتانی عێراق و ئەفغانستان هاوکاریی سووریا بکات لەم رووەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی پەیوەندی بە رژێمی ئەسەدەوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم رژێمە کێشەی شەرعییەت و سەروەریی یاسای هەیە و تاوانی دەرهەق بە گەلەکەی ئەنجام داوە. هەروەها زۆر زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە چۆن ئەسەد دەتوانێت دەست بکاتەوە بە ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانەوەی وڵاتەکەی و چۆن دەتوانێت هاوکاریی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت بۆ ئەم مەبەستە. ئەمەش جیای دەکاتەوە لەو وڵاتانەی دیکە کە دوچاری شەڕێکی ناوخۆیی سەخت بوونەتەوە. دواتر خەڵکانێکی زۆری سووریا رووبەڕووی ئاوارەیی و پەنابەرێتی بوونەتەوە، خەڵکێکی زۆری ئەم وڵاتە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا کە خەڵکی پیشەوەر و رۆشنبیر بوون، مەبەستم ئەوەیە ئەم وڵاتە رووبەڕووی کۆچکردن و هەڵاتنی چینی پرۆفیشناڵ و رۆشنبیرەکەی بۆتەوە، کە ئەمەش کاریگەریی کاولکاری لەسەر کۆمەڵگەی سووری لێدەکەوێتەوە. کەواتە سووریا لە رەوشێکی سەختدایە.

*** باشە ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟ ئایا پێتوایە لەگەڵ زیادبوونی فشارەکان لەسەر ئێران، حکومەتی ئێران عێراق بکاتە گۆڕەپانێك بۆ ئەنجامدانی کاری تۆڵەسەندنەوە لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم وڵاتەدا؟**

- ئەمە رێی تێدەچێت، بەڵام زەحمەتە ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە ئابوورییە ناوخۆییەی لەو وڵاتەدا هاتۆتەئاراوە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر وڵاتێك لە رووی ناوخۆییەوە بە دەست ناسەقامگیرییەوە بناڵێنێت، ئەوا زەحمەتە بتوانێت پشێوی و ئاڵۆزی لە شوێن و لە وڵاتی دیکە دروست بکات.

**ئەو کاربەدەستانەی عێراق کە راستەوخۆ هاوپەیمانێتیان نییە لەگەڵ ئێراندا، هەست بە گەشبینی دەکەن کە ئەم جۆرە سیاسەتە-لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە- بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران ببێتەهۆی دروستکردنی پانتاییەک بۆ حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی بتوانێت سنوورێک بۆ دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا دابنێت**

**ئەمریکا بەردەوام دەبێت لەسەر دەستەبەرکردنی هاوکارییەکان، بەڵام کێشەی توندڕەوی پرسێک نییە کە ئەمریکا بتوانێت بۆ عێراقییەکانی چارەسەر بکات**



## سەباح میر جاسم

کەسایەتیی ناسراوی کوردی ئێزیدی بۆ گوڵان:

# لە شنگالدا سەقامگیری و ئارامی نییە و ئێستا لەژێر هەڕەشەدایە

## سووتاندنی دەنگی کوردانی ئێزیدی بۆ ئەوە بوو پارتی لە موسڵ پلەی یەکەم بەدەست نەهێنێت

**لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا چەندین سندوقی دەنگی کوردانی ئێزیدی هەژمار نەکران، بۆیە ئێستا لەگەڵ دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان بەدەست، کوردانی ئێزیدی چاوەڕێی ئەوە دەکەن ئەو سندوقانە دووبارە بەدەست هەژمار بکرێنەوە و دەنگەکانیان نەسووتێندرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی تایبەت بە دۆخی شنگال و دەشتی نەینەوا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سەباح میر جاسم کەسایەتیی ناسراوی کوردی ئێزیدی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەنگێکی زۆری کوردانی ئێزیدی حیساب نەکرا، ئایا تاچەند گرنگە دووبارە ئەو دەنگانەی کوردانی ئێزیدی لە دەشتی نەینەوا و پارێزگای موسڵ هەژمار بکرێنەوە؟**

- لە راستیدا ئەوەی لەگەڵ کوردانی ئێزیدی کرا، ناڕەوایەتییەکی دیکە بوو، واتە چۆن کوردانی ئێزیدی ڕووبەڕووی کارەسات بوونەوە، ئەوا ئەمجارەیان لە رووی سیاسییەوە کارەساتیان بەسەردا هات، کاتێك دەنگەکانیان هەژمار نەکران.

ئەمەش برینێکی دیکە بوو کە رووی کردە ئێزیدیەکان و برینەکانی دیکەی قووڵتر کردنەوە. واتە لەبری ئەوەی قەرەبووی کارەساتی شنگال بکەنەوە، هاتوون دەنگەکانیان هەژمار نەکردوون و ئەمەش برینێکی دیکەی لە دڵی ئێزیدیەکان دروست کرد لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە. سووتاندنی دەنگی کوردانی ئێزدییش بۆ ئەوە بوو کە پارتی لە موسڵ پلەی یەکەم بەدەست نەهێنێت.

*** سەرەڕای فەوتانی دەنگێکی زۆری کوردانی ئێزیدی کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدەشتی نەینەوا دەنگێکی زۆریان بەدەستهێنا، ئایا ئەم سەرکەوتنەی پارتی لەم ناوچەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- سەرکەوتنەکانی پارتی نیشانەی ئەوەیە کە پارتی بە تەنیا لە بەرەی گەل بووە، داستانەکانی پردێ و مەحموودیە سەلماندیان کە پارتی بە تەنیا لە بەرەی گەلە و داکۆکی لە مافی کوردستانییان دەکات بە هەموو پێکهاتەکانە و خەڵکانی سەر بە هەموو ئایینەکان لە بەرەی پارتی شەهید بوون و بۆ سەربەخۆیی کوردستان خوێنیان تێکەڵ بە خاك بووە. ئەم دەنگدانەش بە پارتی بۆ ئەوە بوو کە ببێتە یەکەمین لایەن کە لە بەغدا و داکۆکی لە مافەکانی گەلی کوردستان بکات، واتە متمانەیان ئەوان بوو بە پارتی و لایەنێکی خەمخورتریان لە پارتی بەدی نەکرد بۆ ئەوەی ببێتە سەنگەری گەل لە بەغدا. پەنا بە خوا لە داهاتووشدا پارتی سەرکەوتنی مەزنتریش تۆمار دەکات.

*** دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و دەشتی نەینەواو شنگال لەلایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، ئایا بارودۆخی ئەم ناوچانە چۆنەو ئاوارەکان توانییان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- لە سەرەتادا باس لەوە دەکرا کە هێزەکانی حەشدی شەعبی ئاسایش و ئارامی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ناوچانە کە ئەمانە لە چوارچێوەی موزایەداتی سیاسیدا بوون، چونکە ئەگەر خەڵکی ئەو ناوچانە متمانەیان بەو هێزانە هەبوایە، ئەوا دەگەڕانەوە بۆ سەر شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیان. کەواتە سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە دەڵێن تاوەکو پێشمەرگە نەگەڕێتەوە کەرکووك و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەوا ئێمە هەست بە ئاسوودەیی ناکەین. کەواتە ئەگەر ئەو هێزانەی ئێستا لەو ناوچەیەن و بۆ خزمەتکردنی خەڵك هاتوون با ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك دابین بکەن، چونکە ئەوەی تا ئێستا کردوویانە دروستکردنی ناکۆکی و ململانێ بووە. ئەگەر کوردی ئێزیدی بڕوا و متمانەی بەو هێزانە هەبوایە ئەوا ئێستا دەگەڕانەوە. ئەوە ماوەیەکی زۆرە سوپای عێراق لە شنگالە، ئەی بۆ خەڵکەکەی ناگەڕێتەوە؟ کەواتە ئەوەی لە شنگالدا هەیە سەقامگیری و ئارامی نییە. ئێستا شنگال لە ژێر هەڕەشەدایە. مەبەستم ئەوەیە ئەو هێزانەی ئێستا لە شنگالن هێزی داگیرکاران، نەك هێزی پارێزگاریکردن لە شنگال.

*** لە ئێستادا هەندێ لە چەکدارەکانی داعش دەستیان بە جموجووڵ کردۆتەوە، ئایا مەترسی ئەوە نییە کە بوونی بۆشایی ئەمنی لە ناوچەی شنگال ببێتەهۆی زیادبوونی کردەوە تیرۆریستییەکان لەو ناوچەیەدا؟**

- لە راستیدا ئێستاش باری ئەمنیی شنگال سەقامگیر نییە و ئێستاش شنگال لەژێر هەڕەشەی کردەوە تیرۆریستییەکاندایە، بۆیە دەبێت دۆخی شنگال بگەڕێتەوە بۆ ڕەوشی پێشووی و خەڵکی شنگال بە ئاسوودەیی بگەڕێنەوە. راستە ئێستا باس لە جموجووڵی تیرۆریستان لە ناوچەی حەمرین دەکرێت، بەڵام ئەم مەترسییە لەسەر شنگالیش هەیە کە ناوچەیەکی ستراتیژیی سەر سنوورە و بگرە مەترسییەکی گەورە بەتایبەتی رووی لە شنگال کردووە.

*** سەبارەت بە پەکەکە کە لە شنگالە و پێشتر لەو شارە دژایەتی حکومەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی دەکرد، کەچی ئێستا بەرامبەر تەعریبکردنی ئەم ناوچانەو حەشدی شەعبی بێدەنگە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەر هێزێکی کوردستانی کە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بێت، ئێمە ڕێزیان لێدەگرین و هەر هێزێك هاوکار بێت بۆ سەقامگیرکردنی کوردستان ئێمە بە چاوی برایەتی لێی دەڕوانین. ئەوانیش هاتن دەستی هاوکارییان بۆ برایانی ئێزیدی درێژ کرد، بەڵام ئێستا ئەرکی ئەوان کۆتایی هاتووە و دەستخۆشییان لێدەکەین، با بڕۆن چالاکیی خۆیان لە باکووری کوردستان ئەنجام بدەن، چونکە ئێستا ئێزیدییەکان خۆیان هێزیان هەیە و دەتوانن جڵەوی بارودۆخەکەی خۆیان بکەن.

**سەرکەوتنەکانی پارتی نیشانەی ئەوەیە کە پارتی بە تەنیا لە بەرەی گەل بووە، داستانەکانی پردێ و مەحموودیە سەلماندیان کە پارتی بە تەنیا لە بەرەی گەلە و داکۆکی لە مافی کوردستانییان دەکات بە هەموو پێکهاتەکانە و خەڵکانی سەر بە هەموو ئایینەکان لە بەرەی پارتی شەهید بوون و بۆ سەربەخۆیی کوردستان خوێنیان تێکەڵ بە خاك بووە**

**ئەوەی لەگەڵ کوردانی ئێزیدی کرا، نارەوایەتییەکی دیکە بوو، واتە چۆن کوردانی ئێزیدی رووبەڕووی کارەسات بوونەوە، ئەوا ئەمجارەیان لە رووی سیاسییەوە کارەساتیان بەسەردا هات، کاتێک دەنگەکانیان هەژمار نەکران. ئەمەش برینێکی دیکە بوو کە رووی کردە ئێزیدیەکان و برینەکانی دیکەی قووڵتر کردنەوە**



## مام هێرش جەباری

**ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک –گەرمیان بۆ گوڵان:**

# دۆخی کەرکووک خراپە و خەریکە داعش دەست بەسەر هەندێ ناوچەدا دەگرێت

**ئەو بارودۆخە نائارام و ناسەقامگیرەی رووی لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە گەرمیان کردووە، تەنیا بە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چارەسەر دەبێت هەتا سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت، بەتایبەتی دوای دەست پێ کردنەوەی جموجوولەکانی تیرۆریستانی داعش و چۆڵکردنی گوندە کوردەکان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رەوشە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هێرش جەباری (ناسراو بە مام هێرش) کردووە کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووك – گەرمیانە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی عێراق بارودۆخێکی دیکە لە کەرکووك هاتۆتەپێشەوە و تا دێت ناسەقامگیری لەو شارەدا زیاتر دەبێت؛ ئایا ئەمە تا چەند دەرهاویشتەکانی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرە؟**

- بە درێژایی مێژوو دۆخی کەرکووك ماوەیەك باش بووە و سەردەمانێکیش خراپ بووە، چونکە جێگای چاوتێبڕینی دوژمنانی گەلەکەمان بووە. ئەگەر بۆ مێژووش بگەڕێنەوە ئەوا چەند شۆڕشێك کرانە قوربانیی کەرکووك، بۆ نموونە

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە رابەرایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، کە جەنابی بارزانی کەرکووکی بە دڵی کوردستان ناو بردووە، کەواتە ئێمە بەو ئەندازەیە گرنگی و بایەخ بە کەرکووك دەدەین، ئێستاش ناسەقامگیرییەکی زۆر باڵی بەسەر بارودۆخی کەرکووکدا کێشاوە. واتە کورد هەست بە نائارامییەکی زۆر دەکات لە کەرکووکدا و داوای گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، چونکە ئەو کاتەی ئێمە لە کەرکووك بووین، رۆڵێکی ئیجابیمان بینیوە، هەرچەندە ئێمەش کەموکوڕیمان هەبووە، هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئەو کاتە ململانێش هەبووە، بەڵام خەڵکەکە نائاسوودە و نائارام نەبووە، خەڵکی بە شێوەیەکی ئاسایی کار و کەسابەتی خۆی دەکرد. بەڵام لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کە پارتی نەیویست تەسلیمی ئیرادەی هەندێ لایەن ببێت و لە شارەکە دوورکەوتەوە، ئێستا دۆخی ئەو شارە خراپە و بگرە خەریکە داعش دەست بەسەر هەندێ ناوچەدا دەگرێت، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەی لێنەماوە. واتە داعش لەو ناوچانە جموجوڵی هەیە کە پێشتر پێشمەرگەی لێ بووە و ئێستا دەستیان داوەتە کوشتن و رفاندنی خەڵك و ئەمەش نیشانەی نەبوونی ئارامی و ئەمنییەتە لەو ناوچانە.

*** ئایا هیچ ئومێدێك هەیە بەم نزیکانە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگەڕێتەوە ئەو سنوورانە و پارێزگاری لە هەموو پێکهاتەکان بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دی خەڵکی کورد بە شێوازێکی دیکە ئاوارە نەبنەوە؟**

- لە ئێستادا گفتوگۆیەك لە نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەیە بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە، ئەمریکاش پێی خۆشە پێشمەرگە بگەڕێتەوە، چونکە هەم هاوکارییەکە بۆ ئەوان و لە هەمان کاتدا هاوکارییشە بۆ پۆلیسی فیدراڵی و حکومەتی ئیتیحادی و بۆ سنوورەکەش، بەڵام ئەوەندەی من بزانم پارتی هیچ کاتێك نایەوێت ژیانی خەڵکی خۆی بفەوتێنێت و گیانی پێشمەرگە بە فیڕۆ بدات. مەبەستم ئەوەیە راستە پاراستنی کەرکووك ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە، بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا نا، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر زەمانەت هەبێت و ئەگەر رێککەوتنێکی یاسایی و دەستووریی زۆر باش بکرێت، ئەوا پارتی هیچ لارییی نییە بۆ گەڕانەوە، چونکە ئێمە هەموومان فیداکاری شاری کەرکووکین.

*** باسی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تەعریب و داگیرکردنی خاکی کوردستان دەکرێت، ئایا تەعریبکردنی ناوچە کوردنشینەکان ئەوەندە ترسناکە کە مەترسیی تێکچوونی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی کەرکووکی لێبکرێت؟**

- لە راستیدا ئەو تەعریبەی لە ئێستادا دەکرێت خراپترە وەك لەوەی سەردەمی بەعسدا دەکرا، راستە راستەوخۆ داوای رۆیشتن لە خەڵکەکە ناکەن، بەڵام ئەگەر تۆ هەستت بە ئارامی ئاسایش نەکرد و شەو هەڵکوتنە سەر ماڵەکەت و کوڕەکەت بڕفێنن، ئەوا خۆت ناچار دەبیت ناوچەکەی بۆ چۆڵ بکەیت.

*** هەندێ لایەن هەن لە کەرکووك وەك بەرەی تورکمانی دژی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن بۆ کەرکووك، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من پێموایە خەڵکانێك، یان دەوڵەتێك هەیە کە پشتیوانییان دەکەن و هاوکاریانن، هەروەها ئەوەی تێبینیش دەکرێت، ئەوەیە کە ئەوان زیاتر موشاغەبە دروست دەکەن، هۆکارەکەش ئەوەیە کە تا رادەیەك گۆڕەپانەکە بۆ ئەوان چۆڵ بووە، ئێستا پارتی لەو شارەدا نەماوە، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی پارتی سەرکوتکاری دەکرد، بەڵکو پارتی شوێنکەوتووی سیاسەتی حەکیمانەی جەنابی سەرۆك بووە کە رێگەی نەداوە لە کەرکووکدا کێشە دروست ببێت.

*** ئەگەر ئێمە بروانین، دەبینین ئەوا زیاتر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووکدا دەستی بەسەردا گیراوە، تا کار گەیشتە ئەوەی پارتی بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەو شارە نەکات، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەمە چییە و ئایا مانای ئەوەیە ئەگەر بتەوێت دژایەتی گەلی کوردستان بکەیت، دەبێت دژایەتی پارتی بکەیت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکان ئەوا پارتی لە روانگەی نەتەوەییەوە لەم مەسەلەیەی روانی و نەیویست شەرعییەت بە داگیرکاری بدرێت، ئەوەی پەیوەندی بە بارەگاکانیشەوە هەبێت، ئەوا پێمانوایە دەکرێت ئەم پرسە لە رێی رێککەوتن و گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت. دواتر هەمیشە پارتی قوربانیداوە بۆ ئەوەی رێککەوتنی باش و دەستکەوتی باش بەدەست بهێنرێت بۆ گەلی کوردستان و فیداکار بووە لە پێناوی پێشخستنی کوردستان.

**لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کە پارتی نەیویست تەسلیمی ئیرادەی هەندێ لایەن ببێت و لە شارەکە دوورکەوتەوە، ئێستا دۆخی ئەو شارە خراپە و بگرە خەریکە داعش دەست بەسەر هەندێ ناوچەدا دەگرێت، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەی لێنەماوە**

**لە ئێستادا گفتوگۆیەك لە نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەیە بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە، ئەمریکاش پێی خۆشە پێشمەرگە بگەڕێتەوە، چونکە هەم هاوکارییەکە بۆ ئەوان و لە هەمان کاتدا هاوکارییشە بۆ پۆلیسی فیدراڵی و حکومەتی ئیتیحادی و بۆ سنوورەکەش**



# زیادکردنی رووبەری سەوز بۆ کەمکردنەوەی پلەی گەرما

بەپێی ئەو هەواڵەی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە سەرەتای ئەم مانگەوە (واتە تەمموزی ساڵی ٢٠١٨)، بڵاوی کردەوە لە بارەی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، یەکێك لە داتاکانی نێو راپۆرتەکە ئەوە دەخاتە بەرچاو کە نزیکەی لە ٧١٪ی دانیشتووان لە شارەکاندا دەژین و لە ٢٩٪یش لە گوندەکاندا ژیان بەسەر دەبەن.

کۆبوونەوەی ئەم رێژە بڵندە لە دانیشتووان لە نێو شارەکاندا، لە سایەی نەبوونی خزمەتگوزاریی باش و هەروەها لە نەبوونی رۆشنبیرییەکی شارنشینی و شارستانیدا، زۆر کێشە دروست دەکەن، لەوانە:

١- زیادبوونی رێژەی بێکاری و هەژاری.

٢ – زیادبوونی قەبارەی زبڵ و خاشاك.

٣- پیسبوونی زیاتری هەوا بە هۆی هۆکارەکانی هاتوچۆوە.

٤- زیادبوونی کێشەی نیشتەجێبوون.

٥- سەرهەڵدانی دیاردەی بە گوندبوونی شارەکان.

٦- کەمبوونەوەی رووبەری سەوزایی لە نێو شارەکاندا و زۆر کێشەی دی.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەم خاڵەیە کە پەیوەستە بە رووبەری سەوزاییەوە، چونکە بەپێی پێوەرەکانی نیشتەجێکردن، پێویستە لە دیزاینی شاردا چەند مەرجێکی ژینگەیی لەبەرچاو بگیرێن، لەوانە:

١-دەبێت هەر کەسێك لە نێوان (١,٥ – ٢,٥) مەتر دووجای لە باخچە و رووبەری سەوزایی بەربکەوێت لە گەرەکەکەی خۆیدا.

٢- بە پێی پێوەری جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، دەبێت هەرکەسێك لە شارەکەی خۆیدا لە نێوان (١٥ – ٢٠) مەتر دووجای لە باخچە و رووبەری سەوزایی بەربکەوێت.

٣- پێویستە بەلای کەمەوە لە ١٥٪ی رووبەری شارەکان، رووبەری سەوز بن.

ئەم مەرجە ژینگەییانە کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر چاکترکردنی ژینگەو ژیانی مرۆڤەکان لە شاردا، لەوانە:

١- رووبەری سەوزایی رۆڵی بەرچاوی هەیە لە هەڵمژینی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و بەرهەمهێنانی ئۆکسیجین.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

٢- ڕۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی تینی تیشکی ڕۆژ .

٣- ڕۆڵی هەیە لە ڕێگرتن لە ڕەشەبا و گەردەلوول.

٤- ڕۆڵی هەیە لە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی کۆبوونەوەو دانیشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە پارکێکدا، یان لە سەیرانگایەکدا.

٥- ڕۆڵی هەیە لە ئارامکردنەوەو چاکترکردنی باری دەروونیی مرۆڤ، کە ڕەنگی سەوز کاریگەریی پۆزەتیڤی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی هۆرمۆنی بەرپرس لە گرژبوونی باری دەروونی.

هەر لە بەر ئەمەشە کە دەوڵەتانی جیهان هەوڵ دەدەن زیاتر لەو پێوەرە نێودەوڵەتییانەش ڕووبەری سەوزایی لە شارەکاندا زیاد بکەن، بۆ ئەوەی هەر تاکێك زیاتر لەو ڕووبەرە سەوزەیان بەر بکەوێت کە ستانداردە جیهانییەکان دیاریان کردووە.

بۆیە گرنگە کە شارەوانییەکانی خۆشمان بەردەوام بن لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییە ژینگەییەکانی وەك:

١- لەکاتی پێدانی مۆڵەتی بیناکردندا بە مەرجی بگرێت کە ڕووبەرێکی دیاریکراوی خانووەکان بکرێنە باخچە، ئەگەر کەمیش بێت، چونکە درەختەکان کۆگای بەرهەمهێنەری ئۆکسجینن و گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆنیش هەڵدەمژن کە ڕۆڵی هەیە لە قەتیسکردنی گەرمیدا.

٢- زیاتر کردنی باخچە و پارکی گشتی لە نێو شارەکاندا و ڕێگەگرتن لە بەخانووکردن ء کارگەکردنی ئەو زەوییانەی کە لە دیزانیی بنەڕەتیی شاردا بۆ باخچە دانراون.

٣- لەبەر پاراستنی سامانی ئاو، ئەو درەختء دارانە بچنێرێن کە ئاوی کەمیان دەوێت و، سیستمی ئاودانی بەدڵۆپ پەیڕەو بکرێت و، درەختەکانیش لە جۆری هەمیشە سەوز بن.

٤- بەردەوام ئاگاداری پێوەرە جیهانییەکان بن بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیی نێوان ڕووبەری سەوزایی و ژمارەی دانیشتووان.

٥- خێراکردن لە دروستکردنی پشتێنەی سەوز بە دەوری شارەکاندا.